# هەڵمەت

ژمارە 5


پۆول ڤێرلێن / سەلاحەدین بایەزیدی
ڕابیندرانات تاگور / توانا ئەمین
فێرناندۆ پێسوا / زاموا محەمەد
پابلۆ نێرودا / هاوبیر کامەران
سیلڤیا پلاس / جەبار سابیر
خلیل حاوی / جواد خلیل
ڤیسواڤا شیمبۆرسکا / جەبار سابیر
قوبادی جەلیزادە
لەتیف هەڵمەت
کەریم دەشتی
هاشم سەڕاج
هێمن قەرەداغی
زانا خلیل
دیار لەتیف
دانا محەمەد
دلاوەر نوری
کەویار ئەحمەد
هونەر مەحمود
هێمن ئیبراهیم




# سیلڤیا پلاس
# Sylvia Plath

چەند پارچە شیعرێکی

# فێرناندۆ پێسوا

## Fernando Pessoa



هەواڵنامەی کتێب


# هەڵمەت

گۆڤارێکی تایبەت بەشیعرە

خاوەنی ئیمتیاز
**لەتیف هەڵمەت**

سەرنووسەر
**سۆران نەدار**

بەڕێوەبەری نووسین
**جواد خلیل**

دیزاین
**ئارام لوقمان** «٠٧٧٠١٥٠٨٢٥٣»

ئیمێڵ
**halmatmag@gmail.com**

پەیوەندی کردن
**٠٧٧٠٢٢٤٢٨٧٥**

ستافی ئەم گۆڤارە و ئەو ناوانەی بەسەر ئەم گۆڤارەوەن و نووسەرانی دەرەوە و ناوەوەی گۆڤارەکەش هەموویان بەخۆبەخش لەم گۆڤارەدا کار دەکەن و هیچ پاداشت و بەخششێکی ماددی وەرناگرن.

نرخ (١٥٠٠) دینار

سەرنووسەر

لەتیف هەڵمەت دەربارەی قوبادی جەلیزادە گوتوویەتی:
(داهێنانە شیعرییەکانی بورجگەلێکی بەرزن لە جوگرافیای شیعری کوردیدا... باڵەخانەگەلێکی ناوازەن لە وڵاتی بێ سنووری شیعردا)
قوبادی جەلیزادە دەنگێکی نوێی شیعری کوردییە لە گوێماندا.. ئەگەر باسی شیعری نوێی کوردی بکەین و ناوی قوباد نەهێنین ئەوە باسەکەمان ناتەواوە.. بە بڕوای من قوباد درەختێکە لە دارستانی شیعری نوێی کوردیدا کە سێبەری بەسەر هەموو درەختەکانی دییەوە دیارە.. گوڵێکە لە باخچەکانی هۆنراوەدا هەر ئاونگی وشەی نوێی لێ دەتکێ.. دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەو کاریگەری خۆی بەسەر ئەوانی دییەوە هەیەو هەبووەو دەشبێ...

لەتیف هەڵمەت لە خۆڕایی ناڵێ:(قوباد ئەم هەموو شیعرە خۆشەت لە پووره هەنگی کام لوتکەو کام توناوتوونی هەیبەت سوڵتان هانیوە.. سەیریش نییە ئەگەر ئەمساڵ دەشتی قەراج کەم گەنم بێ.. ئەوەتا بە درێژایی ئەو دەشت و کێوە شیعری جوانی قوباد دەڕوێ.. با ساڵەکان دابەش کەین.. ساڵێک بۆ گوڵەگەنم.. هەموو وەرزەکان بۆ شیعر)

قوبادی جەلیزادە یەکێکە لە بەهرە جوانەکان و ئەستێرە دیارەکانی شیعری نوێی کوردی.. قوباد لە پاش نەوەی لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و فەرهاد شاکەلییەوەیە.. قوباد خاوەنی دەنگ و سەنگ و ڕەنگ و ڕێچکەی تایبەتی خۆیەتی لە شیعردا...

داهێنانە شیعرییەکانی قوباد پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جیهانی ژنەوە هەیە.. تایبەتمەندی ئەو لەو ڕەنگانەدایە کە زیاتر پەیوەستن بە ژنەوە.. ئەو شێوازەش قوبادی لە شاعیرانی دی کورد جیا کردۆتەوە.. زمانی نووسینی ڕەوانەو جوانەو شیعریشی نوێ و ناسکن.. سێ کورتیلە شیعری ناوبراو بۆ نموونە:

**گۆ**
**چزووی مەمکە**
**بە ناو لەپەوە دەدات**
***
**گۆ**
**قفڵی مەمکە**
**کلیلەکەی**
**لێوە**
***
**مەمک**
**دایکی لێوە**

شێوازی شیعری قوباد لە شێوازی شیعری هیچ شاعیرێکی دی ناچێ لە خۆی نەبێ.. وەکو هەور دەنگ و وەکو پەلکەزێڕینە ڕەنگ و وەکو ئاڵتوون سەنگ و وەکو باخچە جوانی خۆی هەیە.. قوباد هەر لە یەکەم هەنگاوی شیعرەوە لە دەرگای نوێگەری داوەو دەدات و لە ژووری شیعری دژەباوا دانیشتووە.. جیهانی شیعری قوباد زۆر جوانەو فراوانەو خۆشە.. بابەتی ژن لای شاعیر تەنها هەر لە یەک خاڵدا کۆنەبۆتەوە.. تەنها لە گۆشەیەکەوە تەماشای ژنی نەکردووەو ناکات...

ژن وەکو دایک و خوشک و هاوسەرو هاوڕێ و تێکۆشەرو تەنانەت وەکو سروشت و مرۆڤ کۆمەڵە شتێکن شێوازی نووسینی شیعری نوێی قوبادی جەلیزادە پێکدەهێنن.. جگە جوانی لەشی ژن جوانییەکانی دی ژنیش وەکو جوانی ڕۆح و دەروون و جووڵەو هزرو پەیڤین و خەندە.. چەپکە گوڵێکن لە باخچەی شیعری قوبادی جەلیزادەی نوێخوازو داهێنەردا ڕەنگیان دیارە...

شاعیر زۆر زیرەکانە ژنی لە بۆتەی چەندین ڕەنگی شەنگی جیاوازدا تواندۆتەوەو ڕووبەری شیعری نوێی کوردی ڕەنگاڵەترو گەورەتر کردۆتەوە.. وەکو ئەندازیارێکی کارامەو سەرکەوتوو بە وردی هێڵی نوێگەری بە وشەی ناسک کێشاوە...

بابەتی ژن بە لای قوبادەوە بابەتێکی زۆر گەورەیە.. گەلێ هەستیارە.. بۆیە شاعیر هەموو ڕەنگێکی ئەو بابەتەی گرتووە کە ناوی ژنە.. ماوەتەوە بڵێم ئەی شاعیرە نوێخوازەکە جیهانی داهێنانی تۆ زۆر لەم کورتە نووسینەی من مەزنترە.. چونکە شیعرەکانت لوتکەن و بیروڕاکانی ئێمە تەپۆڵکەش نین...



# مزگەوت ماڵی خوایە

قوبادی جەلیزادە

سەدان جار هاتم و لەدەرگەی ماڵەکەتم داو
لەوێ نەبووی
ئەی لەکوێی خودای من
ئەی لەکوێی؟!
کەس نییە ئەوەندە ماڵەکەی چۆڵ بکات
کەس نییە
بێم لەکوێ بتبینم
بە پەلەم خودای من؟
بۆ ناگەڕێتەوە ماڵ.
چووی چ تۆفانێك هێمن کەیتەوە.
ئێڵەئێڵی کام دۆزەخ بخەوێنیت.
لەسەرەمەرگا دڵی کام نەخۆش بدەیتەوە.
لەسەر گۆڕی کام عەبدی شەهیدت،
بەکوڵ بگریت؟!
لەکوێی خودای من
لەکام باخچەی منداڵاندا،
بەنوور، چاوی تاریکی دەڕێژیت.
بووکە شووشە دەخەیتەوە ئامێزی منداڵی.
گیرفانی پەپوولە پڕ دەکەیتەوە لەنەستەلە.
سەدان جار هاتم و لەوێ نیت.
بۆ ئەوەندە ماڵەکەت چۆڵ دەکەیت.
بەندەکان، خیانەتت لەگەڵدا دەکەن.
ئەی خودا.
ئەوان لەبڵند گۆی مزگەوتەکانەوە
ڕوودەکەنە ئێمەی بێ گوناە و هاوار دەکەن.
خودایە جەرگیان بسووتێنە.
خودایە منداڵەکانیان هەتیوکە،
خودایە ژنەکانیان بێوەژن .
ئیدی ماڵەکەت چۆڵ مەکە خودای من ..
ئەوان لەماڵی تۆوە،
لەشکر دەکەنە سەر جوانی.

دەستو پەرەمووچی هونەر،
شەڵاڵی خوێن دەکەن.
شەرەفی گۆرانی دەشکێنن.
هەڕەشە لەپشکوتنی گوڵ دەکەن،
لووتی مەمك دەبڕن.
بەئیمزاو مۆری تۆ،
کوشتنی کانی حەلال دەکەن.
نارنجۆك دەدەنە دەست منداڵیی.
مەمکی ژنە زەیستان،
پڕدەکەن لەدەرزی.
زوو فریاکەوە
عەبدە بۆگەنەکانت دەیانەوی قێزەونت کەن.
دەست لەپشتی منداڵەکانمان دەدەن.
تا،
بەردەبارانت کەن.
مجێورەکانت پێمان دەڵێن،
خودا تۆقێنەرەو.. هیچی تر.
خودا ترۆرستەو.. هیچی تر..
خودا تاعونەو.. هیچی تر.
خودا جەحیمەو.. هیچی تر..
بگەڕێمەوە
بەرماڵ خلّتانی خوێنە.
میحراب چنراوە بەمردن.
لەنێوان هەموو دوو پەڕەیەکی قورئاندا،
شمشێرێکی خوێناوی.
لەنێوان هەموو دوو وشەیەکی قورئاندا،
مینێك.
لەنێوان هەموو دوو پیتێکی قورئاندا
کەللە سەرێك.
درەنگە بگەڕێمەوە خودای من.
درەنگە.



زانا خەلیل

# هیچ جار به مردوویەتی ژیاون؟

هیچ جار گەردەلوول لەسەر شانی چەپتان و
زریان لەسەر شانی راستتان هەڵیکردوە؟
هیچ جار ئاگرتان
لە توتنی ناو پایپێک بەرداوە
کە پڕ بێ لە حەشیش و
تا ناو دەماری
پەنجەی پێیەکانتانەوە هەڵتان لووشی بێ؟
هیچ جار بە منداڵی پێیەکانتان
لە گۆماوێکی سیانی بێ کەنار چەقیوە و
بە هێمنی و بێچارە،
بەرەو نقووم بوون چوو بن؟
هیچ جار کەوتونەتە نێوان دوو شەمەندەفەر
بە حەبلێک یەک بەرەو رۆژهەڵات و
ئەوەیتر بەرەو باشووری راکێشا بن؟
هیچ جار هەستتان کردوە تەنیا ئەو کاتە
هەموو باشییەکان دەست پێدەکات
کە ژیان کۆتایی دێ؟
هیچ جار بە مردوویەتی هەناسەتان داوە و
بەدەم ژەهرخواردنەوە، شیعرتان نووسیبێ؟
هیچ جار ئاوا بێ هۆ، مردوون
وەک من، کە ئێستا بە مردوویەتی دەژیم؟

هەواڵنامەی کتێب



# پەخشانی شین

هاشم سەڕاج

ئامادەگیت
دڵخۆشیم
پێدەنووسێتەوە
دیار نەمانت
دڵتەنگی
***
ویستم
سەراپای
لەشی سپیت
بە بۆیەی نیلوفەڕ
تاتوو بکەم
گوڵە لۆتس
ناڕەزایی دەربڕی
***
ئەوەی
لەبەردەم
جوانی سپیتا
خەیاڵ
بیباتەوە
وڕێنەی ڕەش
لوولیدەدا
***
جوانیت
بنەماکانی سەروا
هەڵدەتەکێنێ و
ڕێگا
بۆسەرهەڵدانی
ڕوانینە
دۆزەخییەکانی
پەخشانی نوێ
تەختدەکا

هەواڵنامەی کتێب



# کەریم دەشتی

# داڕشتنەوەی جوانییەکان

هەواڵنامەی کتێب

قەدە گیایێ دەنووسمەوە
ئاواز لە بەرد دابتاشێ و نەمری ببەشێتەوە
ڕستێ شەبەنگ ئەچنمەوە
مانای ئەبەدی داڕێژی وئاوی حەیات داگیرسێنێ
گومانێکم لە تاسەی ئەوین چڕیوە
دەنگ لە تاشە هەڵئەسێنێ و ئەدگارم ئەنووسێتەوە
تەوارێك لە مەستی جوانیت نەنەخشێنم
بۆ ئەوەی جارێ پێکەنم ئەبێ هەزاران جار بگریم
من کە وشە ئەکەم بە بەری نادیاریی، تا جوانیی دابڕێژم
ئەبێ پەیکەری هەزاران بتی شیعر
لەناو زەین وردوخاش کەم، تا مۆمی خوێن داگبرسێنم
بەناو ڕێگەو بانەکاندا تێپەڕیوم

تاجی شکاوی هەزاران پاشاو میرم شکاندووە
شەرابی مەرگم نۆشیوە و لە کوپەکانی گریکدا
قوم قوم ئاوم خوادۆتەوە
لە گەڵ رۆحی ئەنکیدۆ دا
زێڕوزیوی یادەوەریم لە دارستان شاردۆتەوە
گوێم لە دڵی خاك گرتووە چۆن لە ژێر پێی ئێمە ئەگری
بە سەر ئەو ئێوارانەوە ماومەتەوە، زمانی تیشك ئەزانن
بە ناو بەندەنی سکڵدا بە پێ پەتی ڕامکردووە
تا ڕێژنەیێ جاویدانیم بە سەر شان و مل باریوە
درەوشانەوەی بێدەنگیم ، لەو تاریکە شەوانەوە دەستکەوتووە
کە ئەندێشەیان وەك عەتر لە شووشەی قەدەر کردووە
ڕووناهییان لە ناو چاوی من هاڕیوە
باقە گیایێ ئەنووسمەوە لە فیراقی شەونمی خۆیا سیس بووبێ
قاسەی شیعرێ ئەکەمەوە
نووری جوانی لێ برژێت و دونیا نوقمی هەتاو بکا
کە بمەوێ کتێبی تۆ بنووسمەوە ئەبێ ڕووناکی ڕاو بکەم
دەسەڵات لە خوا بسەنم
خوایەتی خۆم ڕەچاو بکەم



## دیار لەتیف

# Final oto biography

هەژارەکان دەچنە دۆزەخ
شیعر زیندانی گێڕانەوەیە
فیشەکێک لەڕۆژگارمدایە
سەرمامە چوون سەگێک لەبۆشایی شەودا
من کوڕی سەر ڕێگاکانم
توتنی ناو سەبیلەکەم
پڕ لەنیکۆتینی هەژارییە
لەچێشتخانەیەکی شەوانە کاردەکەم
بەبڕە پارەیەک
ئێسکی مریشک بۆ سەگی دەوڵەمەندەکان کۆدەکەمەوە

خەرجی ڕۆژانەم
چل فەردە دەرد و
چوار کیلۆ شپرزەیی
مرۆڤ
فڕێدراوەتە زبڵدانی واقیعەوە
بۆ سبەی شوێنم نییە
دەبێ بچمە هۆتێلی عەرەبەکان
کاتژمێرەکەم
پڕە لەچرکەی ئازار
فریشتە بچکۆلانەکەم هێلینا
مناڵیم بەکەڵکی گێڕانەوە نایەت
ساڵەکانی گەورەبوونیشم
وردە شوشەی گەرووی ژیانن
لەوشارەی تیایدا دەژیام
زوو زوو جلەکانی واقیعم دەشوشت و
دەموچاوەکانم دەگۆڕی
لەسەربانی کۆڵانە تاریکەکانەوە
دێوەکان دووکەڵیان دەکێشا و
فیکەیان لێدەدا
چاویشیان لەنادیاردا دەبریسکایەوە
هەر لەو شارەی تیایدا دەژیام
من وهاوڕێ تازەکانم
شەوانە لەکار دەگەڕاینەوە
بەترۆمبێلەوە بەجادەکاندا لێماندەخوڕی
هیستریانە گۆرانیمان دەچڕی و
باوەڕمان بەزەوی نەمابوو
کەمێکی تر بەڕێدەکەوم
خۆشەویستەکانم لەژێر گڵی ڕەق جێدەهێڵم
لەسەر سنور دەگیرێین و
جەندەرمە تورکەکان لەکولانەی سەگەکان دەمانخەوێنن
خواردنی ئازەڵەکان دەخۆین

بەڕۆژ تەلی دڕکاویمان
بەناو بەفردا پێڕادەکێشن
دواجار سەرمان دەتراشن و
ئاودیومان دەکەن
دەگەڕێمەوە ناو کوردەکان
بەڵام ڕۆیشتن لێمناگەڕێت
ژیان لێرە تەواوبووە
جانتاکەم بەشانەوەیە
لەسەر جادە ئەو پیرەمێردانە دەبینم
لەناو ماڵی مقەبا هەڵتروشکاون
بەرلەوەی دوورتر بکەومەوە
سەرێک بەرز دەکەمەوە و
تەماشای ئاسمان دەکەم
مرۆڤایەتی لەناو تابووتی گەردوون ڕاکشاوە
بەپاسێکەوە بەناو شەودا دەڕۆین
لەبەر قورسی خەونەکانمان
ڕۆیشتنی لەدەستداوە
واقیع وایلێکردووم
باوەڕم وابێ لەنەبووندا دەژیم
ژنێک لەسەر جادەکە
لۆرییەک خۆی پێیدا کێشا
دەمتوانی ڕزگاریکەم
بەڵام وامزانی وەهمە
دوێنێ کاغەزی خەونەکانم سوتاند
دووکەڵانەکەی زەوی گوڵاو ڕێژ کرد
دارستان
باشترە لەگەڵ مرۆڤ بژی
نەفرەت
نەفرەت
نەفرەت



هەواڵنامەی کتێب

تورەییەک کەتازە درەنگە
شەوێک دەوڵەمەند دەبم و
دەبمە ئادەمیزاد
لەباڵکۆنی بینا بەرزەکانەوە
ژیان سەیر دەکەم
لاقی بەرازەکان دەلێسمەوە
کچە تەڕەکان
لەزیندانی قاسەکەم بەند دەکەم
شار پڕ دەکەم
لەهەرای ئامێر
دڵەکان هەڵدەتەکێنم و
لەقینی دەئاخنم
هەواڵەکان سیخناخ دەکەم لەداهات
زیندەوەر  دەکەمە تەرم
هەندێ وردە شت دەئافرێنم
بۆئەوەی باڵدارەکان بیرنەکەنەوە
دەمم لەڕۆژگارێکی پیسەوە دەپەیڤێ
دوو کەوانە دەکەمەوەو
دەنوسم:
ئایا مرۆڤ چییە؟



# ژیان
# خۆکەرکردنێکی
# جوانە

هونەر مەحمود

هەواڵنامەی کتێب

دەتوێینەوە

بێهودە من و تۆ

***

ئەم ماوەیە

پرۆژەمە تەنیا بیر لەتۆ بکەمەوە

چش

لەوەی خوام لێئەرەنجێت

***

تەنگە

تەنگ

زەوی بێ تۆ

***

بۆ ئەوەی لەبیرتکەم
دەبێت
سەدەیەک بنوم
سەدەیەکی تەواو مەریەم
***
ئیتر ئاوایە
تۆ لەبەر ئەو بەفرەیت و
من لێرە تەزیوم
***
بەرلەوەی بڕۆیت
وەرە
کاتژمێری ژوورەکەشم لەگەڵ خۆت ببە
عاسمان
لەدۆزەخ کات کوا
***
سەیرە
لەم هەموو هەناسەیە دێ و دەچێ
بێئاگا لەوەی هی تۆشی تێدایە
چەن گەمژەم
پەنجەرەکەم کپ داخستووە
***
خۆت نا
بیری پێکەنینەکانت دەکەم
خۆت
دەمێکە گووتێبووە لای من!

هەوالنامەی کتێب



وەرگێڕانی: زاموا محەمەد

# فێرناندۆ پێسوا

# ١

خراپ سەرمام بووە و
هەموو کەسیش دەزانن، کە نەخۆشی چەند خراپ
هەموو سیستمی کەون وەردەچەرخێنێت،
بەرامبەر ژیان دەمانوەستێنێت و
تەنانەت میتافیزیکیش دێنێتە پژمین.
تەواوی ئەمڕۆم لە (فم)کردندا بەسەر بردووە.
سەرم سەیر دێشێت.
دۆخێکی غەمگینە بۆ شاعیرێکی کەم بەها!
بەڵێ، من ئەمڕۆ بەڕاستی شاعیرێکی کەم بەهام
لە ڕۆژانی ڕابردوودا چی بووم، ئەوە ئاواتێک بوو، نەما.

ماڵئاوا بۆ هەتا هەتایە، ئەی شاژنی فریشتەکان
تۆ باڵەکانت لە هەتاوبوون و، من لێرە خەریکم بە پێ دەڕۆم.
تا لەسەر پێخەفەکەم ڕانەکشێم، ناشێت باش ببم
هەرگیز باش نەبووم گەر لەسەر کەون ڕانەکشابێتم.

لێبووردنتان لێ دەخوازم... ئای چ نەخۆشیەکە،
زۆر بەرجەستە و کاریگەرە
پێویستم بە حەقیقەت و ئەسپرینە.



# ٢

نازانم چەند ڕوحم هەیە.
من لە هەموو چرکەیەکدا گۆڕاوم.
من هەمیشە هەست دەکەم نامۆم.
من هەرگیز خۆمم نەدیوە و خۆمم نەدۆزیوەتەوە.
لە بوون بە زۆر شت، تەنها ڕوحم هەیە.
پیاوێک ڕوحی هەبێت، ئارامی نیە.
پیاوێک ببینێت، تەنها ئەوەیە کە دەیبینێت.
پیاوێک هەست دەکات خۆی نیە.

لەگەڵ بەئاگابوونم لەوەی چیم و چی دەبینم،
خۆم نامێنم و دەبم بەوان.
هەریەک لە خەونەکانم و خواستەکانم
هی ئەو کەسەن کا خاوەنیان بووە، نەک من.
من دیمەنی خۆمم،
سەیری خۆم دەکەم کاتێک هەڕەمەکیانە سەفەر دەکەم،
هەمیشە گەڕۆک و، تەنیا.
ئەوێ شوێنی منە کە هەست بە خۆم ناکەم.
بۆیە من نامۆیانە، بوونی خۆم دەخوێنمەوە
وەک ئەوەی چەند پەڕەیەک بێت.
بەبێ ئەوەی بزانم دواتر چی دەخوێنمەوە و
بەبێ ئەوەی بزانم پێشتر چیم خوێندۆتەوە،
لە کەناری پەڕەکەدا ئەوە دەنووسم
کە وا دەزانم هەستی پێ دەکەم،
دووبارە دەیخوێنمەوە، دەپرسم:
«ئەرێ ئەوە من بووم؟»
خوا دەزانێت، چونکە ئەو نووسیویەتی.



هەزارنامەی کتێب

# ٣

گەر بمتوانیبا
قەپاڵێک لە تەواوی زەوی بگرم و
تامێکی بکەم،
بۆ چرکەساتێک دڵخۆشتر دەبووم.
بەڵام من نامەوێت هەمیشە دڵم خۆشبێت.
مرۆڤ دەبێت جار و بار دڵتەنگیشبێت
تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێت ئاسایی بێت.

هەموو ڕۆژێک لەبار نیە،
کە وشکایی دەبینیت، بۆ باران دەگەڕێیت.
بۆیە منیش
دڵخۆشی و دڵتەنگیم پێکەوە دەوێت،
سروشتیانە، وەک کەسێک کە پێشتر دەزانێت
دەشت و چیا هەیە،
بەرد و گیا هەیە..



مرۆڤ دەبێت سروشتی و سادەبێت،
دڵتەنگی و دڵخۆشی پێکەوە وەربگرێت،
وەک بینەرێک هەست بکات،
وەک پیادەیەک بیربکاتەوە.
ئینجا، کە کاتی مردن هات،
لە بیریبێت کە ڕۆژیش دەمرێت
لە پێناو بەردەوامبوونی شەودا.
ئاوایە، با هەر واشبێت.

# ٤

خەریکە خۆم دەناسم.
من بوونم نیە.
من ئەو بۆشاییەم لەنێوان ئەوکەسەی
کە حەزدەکەم ببم،
لەگەڵ ئەو کەسەی خەڵکی بۆیان داڕشتووم.
یان نیوەی ئەو بۆشاییەم، کە ژیانیش هەر لەوێیە.
کەواتە، لە کۆتاییدا ئەوە خۆمم.
گڵۆپەکان بکوژێننەوە و
دەرگاکە دابخەن،
خشەی پێکانتان بووەستێنن لەو داڵانە.
تەنیا و ئارام جێم بێڵن لە ژوورەکەمدا.
ئەو ژیانە بێ نرخە!

هەواڵنامەی کتێب



# ٥

بۆ بینینی ڕووبار و دەشتەکان
تەنها کردنەوەی پەنجەرەکە بەس نیە.
بۆ بینینی درەخت و گوڵەکان
تەنها بینایی بەس نیە.
نەبوونی فەلسەفەش پێویستە.
لەگەڵ فەلسەفەدا درەختەکان بوونیان نیە،
تەنها بیرۆکەن.
تەنها خۆمان بوونمان هەیە، وەک ناء ئەشکەوتێک.
تەنها پەنجەرەیەکی داخراو هەیە و
تەواوی دونیاش لەودیویەوە،
خەونێکیش دەربارەی ئەوەی
دەکرا چی ببینرێت گەر پەنجەرەکە کراوە با،
کە هەرگیز لە دیمەنی
ئەو دیو پەنجەرەکە ناچێت.

هەرزانترین کتێب



# ٦

من شوانی ڕانێک مەڕم.
مەڕەکان بیرۆکەکانمن و
بیرۆکەکانیشم هەمووی هەستن.
من بە چاوەکانم و گوێچکەکانم،
بە لوتم و بە دەمم، بیردەکەمەوە.

بیرکردنەوە لە گوڵێک
بۆنکردن و بینینیەتی.
خواردنی میوەیەک
چەشتنی تامەکەیەتی.

لەبەر ئەمەش، لە ڕۆژێکی گەرمدا
کە هەست بە ئازار دەکەم
چێژی لێ وەردەگرم،
لە چیمەنەکەدا ڕادەکشێم بۆ پشوودان و
چاوە گەرمە خۆرئاساکانم دەنووقێنم،
هەست بە هەموو جەستەم دەکەم
کە لە ناو حەقیقەتدا پشوو دەدات و
تەواوی ڕاستیەکان دەزانم و ئاسوودەم.



## سێ شیعر لە

# پۆول ڤێرلێن

وەرگێڕ لە فەڕەنسییەوە:

**سەلاحەدین بایەزیدی**



# ئاسمانی ژوور بانیژە

ئاسمان، لە ژوور بانیژەوە،
شین شین، مەنگ.
دارێک، لە ژوور بانیژەوە،
گەڵاکانی ڕادەژەنێ.

زەنگی کلێسە، لەنێو ئاسمانی بەرچاومان،
بە هێمنی دەبیسترێ.
مەلێک، لەسەر دارەکەی بەرچاومان
سکاڵاکانی دەچڕێ.

خودای من، خودای من، ژیان لەوێیە
سادە و ئارام.
ئەم بانگەشە ئەهوەنە
لە شارەوە دێ.

چیت کرد، هۆ ئەتۆ
کە بەردەوام دەگریت،
دە پێم بڵێ، چیت کرد، ئەتۆ
بە گەنجێتیت؟



# ئاوات

ئای! سەرچاوەکانی عیشق! یەکەمین خۆشەویستەکان
قژی زێڕوەشان، چاوگەلی شین، گۆشت لە گوڵ،
هەروەها، بۆنی جەستە لاو و ئازیزەکان،
دڵەڕاوکێی خاو و ڕەسەنی ئامێزەکان!

دوورن لێم ئەم چێژانە گشت
ئەم هەموو ساو و پاکییە! ئەسەف! بۆ هەموو
بەهاری تاسەکان راویان نا زستانگەلی رەش
لە جاڕزیم، لە کینەکانم، لە زەجر!

ئێستاکە لێرە تەنیام، رووگرژ و پەرۆش،
مۆن و بێ هیوا، ساردتر لە باپیرێ،
وەک هەتیوێکی هەژاریش بێ خوشکی نۆبەرە.

هۆ ژنەکەی ئەڤینی شیرین و تینبەخش،
نەرم و نۆڵ، ئەسمەر و خەمۆک و، هەرگیز نەپەشۆکاو
کە جارجار ماچی نێوچەوان دەکەن، چەشنی منالێک!



# سترانی پاییز

هەنیسکی درێژی
ڤیۆلۆنەکانی
پاییز،
زامدار دەکەن دڵم
بە ئاهەنگێکی یەکدەستی
جاڕزکەر.

هەناسەسوار و
ڕەنگ بزرکاو، ئەو کاتەی وا
سەعاتەکە زەنگ لێ دەدا،
ڕۆژە کۆنەکان
دێنەوە یادم و
دەگریم من؛

خۆم دەسپێرم
بە زریانی تووش
کە هەڵمگرێ لەگەڵ خۆی
لێرولەوێ
دروست وەکوو
گەڵای مردوو.



# خاتوو لازارۆس*

## سیلڤیا پلاس

sylvia plath


بۆ فارسی: زیاء موحد

لە فارسییەوە: جەبار سابیر




دووبارە ئەنجامم داوە
هەموو دە ساڵ جارێک
ڕێکی دەخەم.

پەرجووی گەڕۆک، پێستم
وەک رووناکی گڵۆپی نازییەکان،
قاچی راستم

ئاسنی سەر بەندێک کاغەز.
رووخسارم، هێمن، نەرم
بێناسنامەی جوولەکە.

ئەی دوژمن
وەک توێکڵی میوە دەسرەکە لە دەموچاوم بکەوە.
ئایا دەترسێنم؟

لووت، قوڵکەی چاوەکان
ریزی تەواوی ددانەکان؟
بۆنی ترشاوی
رۆژێک وندەبێ.

زۆر زوو ئەو گۆشتەی
ئەشکەوتی گۆڕ ڕزاندی
دیسان دەگەڕێتەوە جێگی خۆی لە لەشمدا

منیش ژنێکی رووخۆش.
هەر سی ساڵ دەبم و
وەک پشیلە حەوت رۆحم هەیە.

هەواڵنامەی کتێب





ئەمە کەڕەتی سێیەمە.
چەند بێمانایە
هەموو دە ساڵ جارێک لەناوچوون.
بە ملیۆنان دەستەچیلە.
ئاپۆرای زڕفستق خۆر
پاڵدەنێ تا ببینێ
ئەوان دەست و قاچم دەکەنەوە
ستریپتیزێکی[1] مەزن.

ئاغایان، خانمان
ئەمانە دەستەکانی منن و
ئەژنۆکانم.
ئەشێ پێست و ئێسک بم.

وێڕای ئەمەیش، بۆ خۆم هەمان ژنم.
یەکەمین جار کە روویدا تەمەنم دە ساڵ بوو.
رووداوێک بوو.

هەولنامەی کتێب

جاری دووەم مەبەستم بوو
تا کۆتایی بەرگە بگرم و هەر نەگەڕێمەوە
هەڵلەرزیم تا داخرێم.

وەک گوێچکەماسی.
ناچار بوون بە هاوارەوە بانگم بکەن و
وەک مرواری لینج کرمەکانم لێبکەنەوە.

---

١ جۆرە هەڵپەڕکییەکی رۆژئاواییە کە تێیدا هەڵپەرکێکەر وردە وردە خۆی رووت دەکاتەوە.

مردن
وەک هەر شتێکی دی هونەرێکە.
من زۆرباش ئەنجامی دەدەم.
بەجۆرێک ئەنجامی دەدەم کە هەستی دۆزەخی هەیە
بەجۆرێک ئەنجامی دەدەم کە هەستی واقعی هەیە.
پێدەچێ بڵێی پەیامێکم هەیە.

کردنی ئەوە لە ژوورێکی تاکەکەسیدا تەواو ئاسانە.
کردنی و لە جێدا مانەوە تەواو ئاسانە.
ئەم گەڕانەوە نمایشییە.

گەڕانەوە بە نوێژی نیوەڕۆ
بۆ هەمان شوێن، هەمان رووخسار، هەمان هاواری
ئاژەڵێکی شادومان:



کە بۆتە "پەرجووە!"
لە پێم دەخات.
خەرجی دەوێ
سەیرکردنی زامەکانم، خەرجی دەوێ
گوێگرتن لە دڵم -
بەڕاستی لێدەدات.
خەرجی دەوێ، زۆر زۆر خەرجی دەوێ
وشەیەک یا پەیوەندییەک
یا گەردێک خوێن
یا تاڵێک موو یا جلەکانم.
باشە، باشە "مستەر" دکتۆر.
باشە، "مستەر" دوژمن.

من کاری هونەری تۆم،
من بەنرخم بۆ تۆ
منداڵێک لە زێڕی خاڵس،
کە لە شێوەی قیژەیەکدا دەتوێمەوە.
دەسووڕێم و دەسووتێم.
پێتوانەبێ نیگەرانییە مەزنەکەی تۆ بە کەم دەگرم.
- خۆڵەمێش، خۆڵەمێش -
تێکی دەدەیت و تێیدا دەگەڕێی
-گۆشت، ئێسک، لەوێ هیچ شتێک نییە-



سەلکە سابوونێک
ئەڵقەیەکی زەماوەند
ددانێکی زێڕ

"مستەر" خودا، "مستەر" ئیبلیس

وریابە
وریابە.
لە ناخی خۆڵەمێشەوە
بە قژە سوورەکەمەوە هەڵدەستمەوەو
وەک هەوا پیاوان دەخۆم.

* لازارۆس ئەو کەسەیە کە لە دوای چەند رۆژ مردن مەسیح زیندووی کردەوە و لە ئینجیلی یوحەنادا ئاماژەی پێکراوە. سیلڤیا پلات بە خاتوون ناوی دەبا!

ئەم شیعرە لەم سەرچاوە فارسییەوە وەرگێڕدراوە کە مەتنە ئینگلیزییەکەیشی لەگەڵە.
گزیده اشعار - سیلویا پلات - دوزبانه، رقیه قنبر علیزاده، نشر گل ازین، تهران، ۱۳۹۱



# تیرۆرستەکە سەیر دەکات

**ڤیسواڤا شیمبۆرسکا**
**له فارسییەوە: جەبار سابیر**

---

هەواڵنامەی کتێب

لە کاتژمێر یەک و بیست خولەکدا بۆمبەکە لە کافێکەدا دەتەقێتەوە
ئێستا تازە یەک و شازدە خولەکە
هێشتا هەندێک کەس کاتیان هەیە بچنە ژووریَ
هەندێکیش بێنە دەرێ.

ئیدی تیرۆرستەکە چۆتە ئەو سەری شەقامەکە
ئەم مەودایە لە هەر گورزێک دەیپارێزێت و
دیمەنێکە رێک وەک دیمەنی فیلمەکان

ژنێک بە چاکەتی زەردەوە، دەچێتە ژووریَ
پیاوێک بە چاویلکەی رەشەوە دێتە دەرێ
کوڕە کاوبۆ لە پێکان قسان دەکەن
یەک و هەژدە خولەک و چوار چرکە
کورتترینینان بەختی هەیەو سواری ماتۆڕ دەبێت
بەڵام کەڵەگەتەکە، دەچێتە کافێکەوە

یەک و حەڤدە خولەک و چل چرکە
کچێکی پرچ درێژی بڕۆنزی دەگاتە جێ
بەڵام پاسێک دەیشارێتەوە

یەک و هەژدە خولەک
کچکەکە نابینرێ
ئایا ئەوەندە گەمژەبووە بچێتە ژووری یا نا؟
کاتێک لاشەکان دەردەهێنن، دەردەکەوێت.

یەک و نۆزدە خولەک
کەسی دی ناچێتە ژووری
لەبری ئەوە، پیاوێکی قەڵەوی کەچەڵ دێتە دەرێ
چما لە گیرفانیدا بە شوێن شتێکدا دەگەڕێ
دە چرکەی ماوە بۆ یەک و بیست خولەک
ئەو کابرایە بۆ دەستکێشە بێ نرخەکەی دەگەڕێتەوە کافێکە

یەک و بیست خولەکە
کات چەندە خاووخلیچک تێدەپەڕێ
وەک ئەوەی کە ئێستا
نا، هێشتا ماوێتێ
بەڵێ، نها
بۆمبەکە دەتەقێتەوە.

---

**سەرچاوە:**
**عکسی از یازده سپتامبر**
**گزیده شعرهای ویسواوا شیمبۆرسکا**
**برنده نوبل ادبی ۱۹۹۶**
**مترجمان:**
**ایونا نوویسکا**
**علیرزا دولتشاهی**
**انتشارات بال، ۱۳۹۱**

# بە ئەسپایی دەستدەکەیت بە مردن

پابلۆ نێرودا



بە ئەسپایی دەست دەکەیت بە مردن
ئەگەر سەفەر نەکەیت ،
ئەگەر کتێب نەخوێنیتەوە ،
ئەگەر گوێ لە دەنگی ژیان نەگریت ،
ئەگەر قەدری خۆت نەگریت ،
بە ئەسپایی دەست دەکەیت بە مردن.
کاتێك بڕوابوون بە خۆت لەخۆتدا بکوژیت ،
کاتێك نەهێڵیت خەڵکی یارمەتیت بدەن ،
بە ئەسپایی دەست دەکەیت بە مردن.
ئەگەر کۆیلەی خوەکانت بیت ،
ئەگەر هەمیشە لە ڕێگەیەکی دووبارەوە بڕۆیت ،
ئەگەر ڕۆژانەت نەگۆڕیت ،
ڕەنگاو ڕەنگ نەپۆشی ،
یان ئەگەر لەگەڵ خەڵکی نەناسراو قسەنەکەیت ،
ئەوا بە ئەسپایی دەست دەکەیت بە مردن.
ئەگەر دووربکەویتەوە لە شەوق و گەرمی ،
لە هەستگەلی سەرکەش،



**وەرگێرانی بۆ فارسی: ئەحمەدی شاملو**
**وەرگێرانی بۆ کوردی: هاوبیر کامەران**

وە لە شتگەلێك کە چاوەکانت بە پڕلەشەوقی دەهێڵنەوە و
لێدانەکانی دڵت توندتر دەکەن ،
ئەوا بە ئەسپایی دەست دەکەیت بە مردن.
ئەگەر کاتێك کە لەگەڵ ئیشەکەت یان خۆشەویستەکەت شاد نیت
نەیگۆریت،
ئەگەر بۆ دڵنیایی نادڵنیایی ئەزمون نەکەیت ،
ئەگەر نەچیتە پشت خەوەکانەوە ،
ئەگەر ڕێگە بە خۆت نەدەیت کە هیچ نەبێت یەك جار لە هەموو ژیانتا بچیتە پشت مەسڵەحەتەوە،
.......
ئەمڕۆ ژیان دەست پێبکە.....
ئەمرۆ دەست لە خەتەر بدە.....
ئەمرۆ کارێك بکە.....
مەهێڵە کە بە ئەسپایی بمریت و
شادی لەبیر مەبەرەوە.....

# خـــوداش هەیە..!

## شیعری: ڕابیندرانات تاگور

### وەرگێڕانی: تـوانــا ئەمین



ڕەنج هەیە، مەرگ هەیە، ئازاری جودایی هەیە
لێ ئارامییش هەیە، شادی هەیە، سەما هەیە،
خـــــــــودا هەیە..
ژیان؛
وەک ڕووبارێکی گەورە هەمیشەییانە ڕەوانە..
ژیان؛ وەک ڕووبارێکی گەورە کە ڕووەو دەریا دەڕوا،
لە خوار قاچی خوداوە دەجمێ..
خۆر؛ هێشتا هەڵدێ..
هێشتا؛ چرای ئەستێرەکان بە ساپیتەی شەوەوەن..
بەهار؛ هەروا لەنجە دەکا و دەخشێ لە عەرد
دامێنی سەوزی..
شەپۆلانی دەریا؛ گۆرانی دەڵێن و بەسەریەکدا دەخزێن،
شەپۆلانی دەریا؛ لەباوەشی کەناردا ون دەبن..
گوڵەکان؛ دەڕوێن.. خونچەکان؛ جیلوە دەکەن و دەپشکوێن..
نەبوون نییە.. هەبوون هەیە
مەنزڵ نییە.. ڕێگا هەیە..
لەدایکبوونی هەر منداڵێ؛
نیشانەی ئەوەیە
هێشتا خودا لە مرۆڤ نائومێد نییە..

هەواڵنامەی کتێب

# گفتوگۆیەک لەگەڵ خودا..!

ئەوە تەماشا دەکەم لە خەومدا لەگەڵ باری تەعالا گفتوگۆمە:

خودا فەرمووی: تۆ دەتەویَ قسە لەگەڵ من بکەی؟

وتم: ئەریَ وەڵا، ئەگەر کاتت هەبیَ..

خوداوەند خەنی و فەرمووی: کاتی من بیَ نیهایەتە، چی لە مێشکتدایە کە دەتەویَ بیپرسی؟

کوتم: تۆ زاتی خۆت؛ چ شتێکی بونیامت زۆر بەلاوە سەیرە؟

باری تەعالا فەرمووی:

منداڵییان، ئەوەی کە لە منداڵیی ماندوو دەبن و پەلەیانە گەورەبن.. کە گەورە دەبن، ئینجا ئاوات بە منداڵیی دەخوازن.. ئەوەی کە تەندروستیی خۆیان لەدەستدەدەن تا پارەیان دەستبکەوێت، دوایی پارەکەیان لەدەستدەدەن تا تەندروستییان بۆ بگەڕێتەوە.. ئەوەی کە خۆزگە بۆ داهاتوو دەخوازن و ئێستا فەرامۆش دەکەن، بەم جۆرە نە لە ئێستادا دەژین و نە لە داهاتوودا.. ئەوەی بەجۆریَ دەژین وەک ئەوەی هەرگیز نەمرن و بەجۆریَ دەمرن وەک ئەوەی هەرگیز نەژیابێتن.

لەم کاتەدا باری تەعالا دەستی گرتم و هەردووکمان قەیریَ بێدەنگ بووین.. قەیرەودوا، من لە خزمەتیدا عەرزم کرد؛ وەک باوکێک {دروستکەرێک} دەتەویَ منداڵەکانت {دروستکراوەکانت} چ دەرسێک باش فێربن؟

خوداوەند فەرمووی: فێربن کە ئەوان ناتوانن؛ کەس بە زۆر ناچار بکەن عاشقیان بیَ، تەنیا کاریَ کە لەدەستیان دیَ ئەوەیە؛ ڕێگە بدەن، خەڵک بەویستی خۆیان ئەوانیان خۆشبووێت.

فێربن؛ کە کارێکی باش نییە خۆیان بە خەڵکی تر بەراورد بکەن.. فێربن؛ تەنیا چەند چرکەیەک دەخایەنێت، دڵی ئەوانە برینداربکەن کە خۆشیان دەوێن، بەڵام ساڵانێکی دووردرێژی پێویستە تا ئەم زامە سارێژ ببیَ.. فێربن؛ دەوڵەمەند ئەو کەسە نییە کە لەوان زیاتری هەیە، بەڵکو ئەو کەسەیە کە بە کەمتر ڕازییە.. فێربن؛ خەڵکانێک هەن ئەوانیان خۆشدەوێت، بەڵام نازانن چۆن هەستی خۆیان دەرببڕن.. فێربن؛ کە دەکریَ دوو کەس پێکەوە لە یەک کاتدا لە خاڵێک بڕوانن، بەڵام هەریەکەیان بە جۆرێک بیبینێت..

فێربن؛ کە تەنیا ئەوە بەس نییە، ئەوانی تر ببەخشن، بەڵکو دەبیَ خۆشیان ببەخشن.. ئالێرەیا من نەویمەوە و کوتم؛ بەندە بۆ ئەم گفتوگۆیە زۆر مەمنون و سوپاسگوزارم، ئایا هیچی دیکە لوتف دەفەرموون کە حەزبکەن منداڵەکانت {دروستکراوەکانت} بیزانن..؟

خەندەیەک لە ڕووی خوداوەند جیلوەی کرد و فەرمووی:

تەنیا ئەوەندە بزانن کە من هەمیشە لێرەم.. هەمیشە..

هەواڵنامەی کتێب

# خۆکوشتن وەك دوایین شیعر

## (لە پەراوێزی خۆکوشتنی «خەلیل حاوی»یدا)

**جواد خلیل**



هەواڵنامەی کتێب

ئەو بانگەشە بوهتانڕۆییەی پێی وایە (خۆکوشتن) پەرچەکرداری بوویەکی تەنبەڵە لە هەمبەر فشاری هێز و ئیرادەدا، دەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە؛ لەم شیتاڵکردنەشدا، پێویستمان بە هونەری لۆژیك و ئەرگیۆمێنتسازی نییە، خۆکوژی پێش ئەوەی پەرچەکردار بێ، بژاردەیەکی گونجاوی «بوون»ە و بەخشراوە بە دازاین. لەوەدا ئازادین بمێنینەوە یان نا، وەك چۆن دەتوانین بڕیار بدەین بژین و «لێرە-بوون» هەڵبژێرین، ئاوهایش دەتوانین «لێرە-نەبوون» هەڵبژێرین و کۆتایی بەم شانۆیە بهێنین. «ئەمیل سیوران» کە باسی خۆکوشتنی کردبا، دەیگوت: (مرۆڤی ڕاستەقینە : کەسێکە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە). ئەو بۆیە دەینووسی تاکو پرسیارەکەی «شکسپیر» بهێنێتەوە یادمان، هەبم یان نەبم..؟ ئەمەیە مەسەلەکە!

خۆکوشتن پرۆتستۆکردنی بێدەنگی و نابیستی دونیایە لە ئاستی مەسەلەیەکی گەورەدا، کەسی خۆکوژ بۆیە پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن، تا لەو ڕێگایەوە دەوروبەر ناچار بکات گوێی لێبگرن، گەورەترین دەستکەوت کە خۆکوژ لە دەرئەنجامی کارەکەیەوە بە دەستی دەهێنێت، گەیاندنی پەیامەکەیەتی. حاوی لەم جۆرە کەسانە بوو، ڕەنگە بوترێت هۆکاری کوشتنەکەی ئەم ئاشکرا و پەیامەکەشی ڕوون بوو (وەك هەندێك هەرزە نووس و کورتبیر دەیڵێن) بەڵام لە ڕاستییدا حاوی پەیامە ترسناکەکەی گەیاند، پەیامێك، کە کەم کەس جورئەتی کردنەوەی کۆدەکانی هەیە، ئەو لە پێناسەکردنی ژیاندا، ماوەیەکی زۆر پێش خۆکوشتنەکەی بەشێك لە کۆدەکانی ئەم پەیامەی دانابوو، حاوی نووسیبووی: ( ژیان چییە جگە لە یارییەکی کوشندە، ئێمە لە یارییەکدا بەشدارین، کە هەر لە سەرەتاوە، ناچار کراوین بە دۆڕان، باشترین ڕێگایەك بۆ دەرچوونمان لەم یارییە، خۆکوشتنە.) بۆیە خۆکوشتن: شەرەفمەندانەترین

کـرداری بووییەکـە، لـە ئاسـتی ئـەو نـادادی و نایەکسـانییەی دەوروبەرمـانی تەنیوەتـەوە، کردارێـك، کـە دوورماندەخاتـەوە لـە گاڵتەجـاڕی و ناماقووڵییـەکانی ژیـان و بوونمـان واتادارتـر دەکات.

مەبەسـت لـە خۆکـوژی لێـرەدا، خۆکوژییـە بـە واتـا گشـتییەکەی، وەك دۆخێـکی پەیوەسـت بـە ئـازادی هەڵبژاردنـەوە، نـەک باسـکردنی ڕەوایـی بـوون یـان ناڕەوایـی بـوونی، بـەڵام دەکـرێ جەخـت لـەوە بکەینـەوە کـە خۆکوشـتن بژاردەیـەکی دیکەیـە، بـەو پێیـەی هەڵوێسـتی ئێمەیـە لـە ئاسـت ناماقوڵییـەکانی دەوروبـەر و نیگەرانییـە وجودیەکانمـان، بەمـەش لـە ڕێی خۆکوشـتنەوە، مـرۆ دەسـتی لـە دیـاری کـردنی چارەنـوسی خۆیـدا دەبـێ و وێنـا شـێوێنراوەکەی مـەرگ، دێنێتـەوە جێـگای ڕاسـتەقینەی خـۆی.

هەرچەنـدە «حـاوی» شـیعری نەتەوەیـی زۆری دەنـووسی، لـێ لەگـەڵ ئەوەشـدا، مـۆرکی تاکگەراییانـە و نائومێدبـوونی پێـوە دەنـان. ئەگـەر لـە دوایـین بەرهەمـە شـیعرییەکانی ورد ببینـەوە، درك بـە زاڵبـوون و چەسـپێنراوی ئـەم ڕۆحێتـی تاکویسـتییە دەکەیـن، بـۆ نموونـە : سـەرجەمی شـیعرەکانی( لـە دۆزەخـی کۆمیدیـاوە) تەژیـن لـە هەسـتی پووچێتـی و نائارامـی و تێکشـکانی دەروونی، ئێمـە لـەم دیوانەیـدا، پەیوەنـدی لەگـەڵ شـاعیرێك دەبەسـتین، بـێ هیـوا و مانـدوو و تەبـەرا لـە ژیـان، کـە دێڕەکانی دەخوێنینـەوە، تێدەگەیـن لـەوەی بۆچـی شـاعیر دەیگـوت: (ئـەم شـیعرانەم بـە خوێـن و فرمێسـکی خـۆم نووسـیوون، گـەر هیچیشـتان بـە لاوە جـوان نەبـوو، ڕێـز لـە فرمێسـکەکانم بگـرن.)

شـیعری «خەلیـل حـاوی» هەڵگـری ڕوانینێـکی قووڵـی فەلسـەفییە، نیگـەرانی و نامۆبـوون و پرسـیارە هزرجووڵێنـەرەکانی مـرۆ، خەسـڵەتی سـەرەکی نـاوەڕۆکی شـیعرەکانیان پێکهێنـاوە، ئـەو لـەوەدا پشـتگیری «سـارتەر» ی دەکـرد، کـە ئـەدەب دەبـێ ببێتـە پێناوێـك بـۆ هوشـیارکردنەوە و بـە ئـاگا هێنانـەوەی تـاك و بەرەنگاربوونـەوەی شـەپۆلی دۆزەخ خولقێنـەکان.



هـەر بۆیـە بـە دەگمـەن شـیعرێکیمان بەرچـاو دەکـەوێ، ڕەخنـە لـە بـیری زاڵبـووی بـاو نەگـرێ و هەوڵـی دەربازکـردنی لـە سـێردە چەقیـوو و گەنیـوەکان نـەدات. هەروەهـا بـە بەکارهێنـانی نیشـانە و پێکهاتـە واتادارەکانی ئەفسـانە، دەیویسـت بـیری خەڵـکی سـەردەمەکەی بهێنێتـەوە، کـە ژیـان لـە پێشـدا چ مرۆڤانەتـر بـووە، سـەردەمانێك تاکـە سـەرمایەی مـرۆ ئەوینـی بـوو. سروشـت و مـرۆ وەك دووانەیـەکی هاوبـەش لێکدییـان دەڕوانی و هەبـووەکان ڕێزییـان لـە خاڵـی دەسـتپێك دەگـرت و پارێزگارییـان لێدەکـرد.

حـاوی لـە یەکەمـین دیوانـە شـیعری خۆیـدا (ڕووبـاری خۆڵەمێـش) جگـە لـەوەی دەروەسـتی خـۆی بـۆ کێشـە سیاسی و ژیارییـەکانی عـەرەب دەربڕیبـوو، لەگەڵیشـیدا ڕەخنەیـەکی تونـدی ئاڕاسـتەی سـەردارانی عـەرەب و ڕۆشـنبیرەکانیان کـرد، ئـەوانی بـە هـۆکاری سـەرەکی دواکەوتـن و دارمـانی کەسـێتی تـاکی عـەرەبی دەزانی. ئـەم باڵادەسـتییەی ڕەخنـە، لـە ناواخنـی شـیعرەکانییدا، تـا دواهەمـین دیوانـە شـیعریشی، یـانی (لـە دۆزەخـی کۆمیدیـاوە) بەردەوامیـی هەبـوو.

هەواڵنامەی کتێب

حاوی لە دوایین ساڵانی تەمەنییدا، چەندینجار هەوڵی خۆکوشتنی دا و هەرجارە و بەهۆیەکەوە سەری نەدەگرت، تا دواجار، بە دیتنی هاتنە ناوەوەی سوپای ئیسرائیل بۆ بەیروت و داگیرکردنی، ئۆقرەی لێبڕا و بە فیشەکێك کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. لە ڕاستییدا بەم خۆکوشتنەی، هێندەی هەموو شیعرەکانی، کاریگەری لە سەر خەڵکی دانا. بەم کردارەی سەلماندی کە چەندە ژیانی تەبا بووە لە گەڵ ناوەڕۆك و پەیامی شیعرەکانیدا، دەشێ خۆکوشتنی «حاوی» وەك دوایین بەرهەمی شیعری ئەو، لێی بڕوانرێ و لێکبدرێتەوە. زۆرجار، ئەوانەی لە سەر خۆکوشتنەکەی نووسیویانە و دەنووسن، تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبن لەوەدا، کە خۆکوشتنەکەی وەك هەڵوێستێکی سیاسی ڕووت دەبینن و ئیدی پێشینە و سەرەتاکانی ئەم هەوڵی خۆکوشتنە لە یاد دەکەن و بایەخی نادەنێ! هەر کەسێك (لە دۆزەخی کۆمیدیاوە) بخوێنێتەوە، دەزانێ کە شاعیر، ساڵانی دوایی تەمەنی، بە چ نیگەرانییەکی قووڵی وجودییدا تێپەڕیوە و چەندە نائومێد بووە لە دونیا، درککردن بە داڕووخان و ناڕوونی ئاسۆ و شڵەژان و هەڵچوونی بەردەوام، بیری ئەوییان لە ئومێدی درۆزنانەش داماڵیبوو.

«ئیلیا حاوی» کە برای «خەلیل حاوی» بوو، دوای مردنی وی، هەستا بە ڕێکخستنی ژیاننامەی براکەی، ئاماژە بەو ئازارە ئەبەدییە دەکات، کە بە ناخی براکەییدا ڕۆچووبوو، هەروەها ئاماژە بەو بێزاری و وەڕسبوونە هەمیشەیە دەکات کە ژینی لێ کردبووە دۆزەخ. بۆ ڕوانین لەم دۆخە دەروونییە ئاڵۆزە پێویستمان بە لێکشیتاڵکردنی ڕووداو و بەسەرهاتە جوداکانی نێو ژیانی ئەم هۆنەرەیە، ڕەنگە بەم ڕێگایە زیاتر و باشتر لەم دۆخە تێبگەین. ئەوانەی پێیان وایە شیعر بە تەنها کردەیەکی تەنبەڵانەی دازاینە و لە ژیندا کاریگەر نابێ، با لە خۆکوشتنی حاوی ڕابمێنن و لەودا یەکانگیری دەق و کردەی واقیعیانە ببینن. شیعر لای حاوی بە تەنها دەقی نووسراو ناکرێتەوە و لە وشەدا گیر ناخوا، بەڵکو هەموو کردار و هەڵسوکەوتێکی مرۆ دەشێ شاعیرانە بێت و پەیامی خۆی بگەیەنێ. ڕەفتاری شاعیر دەبێ یەکانگربێ لەگەڵ نووسراوەکانیدا و هەر جۆرە کردەوەیەکی وەك دەقێکی شیعری لێك بدرێتەوە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە حاوی بەرەو نووسینی دوا شیعری خۆی هەنگاوی نا و فیشەکێکی کرد بە ناونیشان. بەڵێ، نووسین گەر توانای گەیاندنی پەیامی نەبوو، کردار جێگرەوەیە.

**ژێدەرەکان :**


١- خصر عواد الخزاعي, حين يموت الشاعر انتحارا, مجلة(الاقلام), عدد (٤٨), ٢٠١٤.

٢- ايليا حاوي, رسائل الحب و الحياة (سيرة زاتية لشاعر خليل الحاوي), ط١, ١٩٨٧, بيروت, لبنان.


هەواڵنامەی کتێب

# «سیلڤیا پلاس»
# بۆچی خۆی کوشت؟



کەویار ئەحمەد

"سیلڤیا پلاس"ی بە ڕەگەز ئەمریکی، یەکێکە لە ناودارترین ژنە شاعیرەکانی سەدەی بیستەم. پلاس ناسراوە بە "شاعیری مردن". ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی شیعرەکانی بە تێمای مردن. وەک زۆربەی شاعیرە مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەکان، مردن باسی سەرەکی شیعرەکانی "پلاس"ە، بەڵام ئەوەی کە پلاس لەوان جودا دەکاتەوە، ئەو ئامادەگییە هەمیشەییەی مردنە لە شیعرەکانیدا. بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی دیەوە، پلاس بڕوای وایە کە شیعر دەبێت دەربڕی ئازارە تایبەتییەکانی خودی شاعیر بێت."سیلڤیا پلاس"ی ڕەشبین و نا ئومێد، سیمبۆلی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنە. سەردەمێک کە سکپڕە بە ئازار و توندوتیژی و میحنەت و گۆشەگیری.

"پلاس" یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا ئیدی بوونی خۆی لە ژیاندا ڕەت دەکاتەوە وخۆی دەکوژێت. زانینی هۆکاری دڵەڕەنجانی لە ژیان و ئەو هەموو نا ئومێدیەی کارێکی ئاسان نییە، وەک چۆن پەیبردن بە پاڵنەری سەرەکی خۆکوشتنی هەر مرۆڤێکی دی گەلێک دژوارە. بەڵام، وردبونە و هەڵوەستە کردن لەسەر ژیانی ڕۆژانەی سیلڤیا پلاس یارمەتیدەر دەبێ بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هۆیانەی، کە ببوون بەهۆی بێزاربوونی ئەم شاعیرە لە ژیان.

"سیلڤیا پلاس" تەمەنی تەنها هەشت ساڵان بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. ئەمە بوو بە شکست و شۆکێکی گەورە بۆ ی و ڕاپێچی دڵتەنگییەکی ئەبەدی کرد، کە بە خۆکوشتن کۆتایی هات. لەدوای مەرگی باوکی، ئەم شاعیرە بە تەواوی دابڕا لە ژیان و چەندینجار هەوڵی خۆکوشتنیدا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. پاش ئاشنابوونی بە شاعیری بەناوبانگی بەریتانی"تێد هیوز" و هاوسەرگیریکردن لەگەڵیدا لە ساڵی ١٩٥٨، پلاس بە شێوەیەکی کاتی ئاشتبووەوە لەگەڵ ژیان و دیسان ئاسۆی ڕوونی بینی و هیوزی کرد بە "مۆدێل" و شوێنگرەوەی باوکی. بەڵام پاش ئاشکرا بوونی خیانەتی هاوسەرەکەی لەگەڵ ژنێکی دی، پلاس بۆ هەمیشە ڕەنجا لە ژیان و بەشێوەیەکی تۆقێنەر وبەردەوام، بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە، وەک ڕێگایەک بۆ دەرباز بوون لە ئازار. تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٣ کۆتایی هێنا بە ژیانی خۆی، بە دانانی سەری لە نێو فڕنی گاسدا تا خنکا و ئیدی بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی کرد لە ناشیرینەکانی ژیان.

شیعری "باوکە" یەکێکە لە بەناوبانگترین شیعرەکانی سیلڤیا پلاس کە چەند مانگێک پێش خۆ کوشتنەکەی نووسیوویەتی و تێدا ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی بۆ مردنی خراوەتە ڕوو. لە دیدی "پلاس"ەوە ، باوکی و هاوسەرەکەی ئازادیەکانی ئەویان قۆرخ کردووە و ژیانی ئەویان کردووە بە دۆزەخ. سەرەتای شیعرەکە بەوە دەست پێدەکات کە خۆی دەشوبهێنێت بە "پێ" و باوکی بە "پێڵاوی ڕەش"، هەڵبەتە پێڵاوی ڕەشی باوکی مێتافۆڕێکە بۆ ئەو زیندانە تاریکەی کە بۆ کچەکەی خولقاندوویەتی. پلاس دەنووسێت:

**چیدی بەرگە ناگرم، بەرگە ناگرم،**
**پێڵاوی ڕەش**
**کە تێیدا ژیاوم وەک پێیەک!**

لە هەمان شیعردا، پلاس زێدەڕەوی دەکات لە گوزارشتکردن لە ئازارەکانی کە بەهۆی باوکییەوە چەشتوویەتی. زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەکانی باوکی دەشوبهێنیت بە ستەمەکانی نازییەکان بەرامبەرجولەکەکان. لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دەتوانرێت بە ڕوونی پەی بەوە ببرێت کە ئەو ئازارە دەروونیانەی باوکی لە تەمەنێکی زۆربچوکەوە دوچاری کچەکەی کردووە یەکێکە لە هۆکارە بەرچاوەکانی ڕق لێبونەوەی بەردەوامی پلاس لە ژیان:

**مەکینەیەک، مەکینەیەک**
**دەمهاڕێت وەکو جولەکەیەک**

جولەکەیەکی داخاو، ئۆشفیتز، بیلسن (ناوی سێ کەمپی قڕکردنی جولەکەکانن لە سەردەمی نازییەکاندا)

**وەکو جولەکەیەک دەدوام**
**ڕەنگە منیش جولەکەیەک بوبم!**

هەواڵنامەی کتێب



پەیوەندی نێوان پلاس و باوکی وەکو هەموو کچ و باوکێکی ئاسایی نەبوو. پلاس تاڕادەی توشبوون بە هیستریا ترسی هەبووە بەرانبەر باوکی و دان بەوەدا دەنێت و دەنووسێت : "هەرگیز نەمتوانیووە قسەت لەگەڵ بکەم، زمانم لە شەویلگەم گیر بووە". هەروەها زیاتر تیشک دەخاتە سەر ئەم پەیوەندییە پڕ لە توندوتیژییەو بەردەوام دەبێت : "هەمیشە لە تۆ ترساوم". ئەم هەموو ترسە دۆزەخێک دەئافرێنێت بۆ پلاس کە ئارەزووی مردن دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش ناتوانێت چاوەڕێی هاتنی شەمەندەفەری مەرگ بێت و هەموو توانای خۆی بەگەڕ دەخات بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت.

ناپاکی "تێد هیوز"ی هاوسەری ڕووداوێکی باوەڕ پێنەکراو و قبوڵنەکراو بوو بۆ پلاس. ئەو هاوسەرەکەی بە خوێنمژ "ڤامپایەر" وەسف دەکات کە خوێنی ڕۆحی پلاسی مژیووە. هەربۆیە ئەزموونی تاڵی هاوسەرگیریان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکان کە "سیلڤیا پلاس" ی هانداوە بۆ خۆکوشتن. ناپاکیەکەی "تێد هیوز "لە دوو لایەنەوە ئازاردەر بوو. لە لایەک پلاس ئەوی بە شوێنگرەوەی باوکی دانابوو و هەموو جوانیەکانی ژیانی لە چاوی ئەوەوە دەبینی. لە لایەکی دیەوە، وەک هاوسەرێك کە پێش هاوسەرگیریکردنیان پەیوەندییەکی زۆر بە تینی خۆشەویستیان هەبووە. لە هەمان شیعری "باوکە" دا، بە دڵتەنگییەوە دەنوسێت:

**گەر بوایا پیاوێکم بکوشتایە**
**دوانم دەکوشت،**
**ئەو خوێنمژیەی کە گووتی تۆیت!**

لێرەدا جگە لە ئارەزووی پلاس بۆ کوشتنی باوکی، دەیەوێت هاوسەرە خوێنمژەکەشی بکوژێت.، لە چەند دێڕی پێشووتردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خۆزگەی دەخواست خودی پلاس بکوژێ باوکی با و دەنوسێت: "باوکە دەبوو تۆم کوشتبا، بەڵام تۆ مردیت پێش ئەوەی من دەرفەتی ئەوەم هەبێت". لەو سێ دێڕەی سەرەوەدا بە ڕوونی دوو ڕووی هاوسەرەکەیمان بۆ دەخاتەڕوو کە پلاسی دڵنیا کردبووەوە وەک باوکی ئەوی خۆشدەوێت.

لەکۆتایدا دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی دوو سەرەکیترین هۆکاری خۆکوشتنەکەی "سیلڤیا پلاس" بزانین کە باوک و هاوسەرەکەیەتی. هەروەها، شیعری "باوکە" دەربڕی ئازارەکانی شاعیرە و کۆمەڵێک بەڵگەی ڕوونی ژیانی تیا خراوەتە ڕوو، کە دەکرێت بەشێوەیەکی ئاسان درک بە ڕەشبینی شاعیر بکەین و بزانین چیدی مەبەست و ئۆمێدێکی نەماوە بۆ ژیان.

**ژێدەر:**

Hughes, Ted. The Collected Poems: Sylvia Plath. New York: Harper & Row, 1981.

هەواڵنامەی کتێب

# شیعر و هونەر لەزەمەنی جەنگدا



دانا محەمەد

داڤینشی دەڵێت (هونەر کارێکی هزریە) ئاشکرایە هونەر وەک خود و ئەزمونی تاک پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، مرۆڤ بەهۆی کارابوونی عەقڵی و توانستی دەست بەسەراگرتنی هەموو گیانلەبەرانی دیکەوە، کە هەندێکیان لەڕووی قەبارەوە دە بەرابەری خۆی دەبێت، بەردەوام مرۆڤ بەرەو گەڕان بە دوای دۆزینەوەی ڕەهەندی نوێیە بۆ ژیان و ئەو گەردوونەی تێیدا دەژی پاڵ دەنێت، مرۆڤ تاقە گیان لەبەرێکە هێزی گواستنەوەی خەیاڵی هەیە بۆ ناو واقیع، ئەم گواستنەوەیە بە دوو ڕێگە دەکرێ، یا دەبێت لە ڕێگەی زمان، یان هونەر بە گشت پانتاییەکانییەوە بەرجەستە بکرێ . ئەمڕۆ پانتاییەکانی هونەر لە ژیاندا بە ئەندازەیەک تێکەڵاوی تەونی ژیانی ڕۆژانە بووە لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەکانە ناتوانرێت لە ژیانی دەربهێنن بۆ نموونە ناتوانین بۆ یەک چرکە سات دیدگایەکمان بۆ جیهانێکی بێ هونەر هەبێت، هەموو دەقێکی شیعری و هونەری زادەی زەمەنێکی دیاریکراوە لەڕووی مێژوویەوە . ئەگەر شیعر بەرهەمی بیرکردنەوە و تێڕامانی شاعیر بێت لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا ئەوا بێگومان نووسەر وەک مرۆڤێک لە زەمەن دەژیت لە بەریەککەوتن و کارلێکردندایە لە گەڵ توخمەکانی دەوروبەری . لە زۆرکاتدا شاعیر زەمەنی مێژوویی و فیزیکی جێدێڵێت و لەزەمەنی دەروونی خۆی دەژیت کەڕەنگە دابڕاو بێت لەو زەمەنەی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان لە خۆ دەگرێت لەهەمان کاتیشدا دەشێ ئەو دەقە ڕەنگدانەوەی ئەو زەمەنە مێژوویە بێت کە تیایدا شاعیر لە ژیانیدا بەریەکێ لە ڕووداودیاردەکان دەکەوێت . کە دواجار ئەو بەریەککەوتنە لە دنیابینی شاعیر ڕەنگدەداتەوەو سەرەنجامیش لە دەقێکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێ.

زەمەن لە شیعردا مەرج نییە هەر تەنها پەیوەست بێت بە زەمەن و شوێنێکی دیاریکراو بەڵکو دەشێ ئاماژە بێت بۆ زەمەنی ڕابردوو، ئێستا یاخود ئایندە. بەو مانایەی شاعیر گوزاشت لە ڕووداوێک دەکات کە ڕەنگە هێشتا ڕووینەدابێت، یاخود ڕوویدابێت و بێتە بە شێک لە ڕابردوو . بۆیە ڕەنگە ساتەکانی نووسینی دەقێکی شیعری ڕەنگدانەوەی ڕووداوو زەمەنێکی مێژوویی بێت . واتە دەق بە شێکە لەو بەریەککەوتنانەی شاعیر وەک مرۆڤێک لە ژینگە و سروشتی دەوروبەری بەرهەمی دەهێنێت، بە شێکیشە لەمەدلولە تایبەتیەکانی دۆخی سایکۆلۆژی شاعیر وەک مرۆڤێک، کە ڕەنگە دالەکانی تەنها پەیوەست بن بە دنیابینی و تێڕوانین و گوزارشتکردنی ئەو . ئەزموونی شیعر لای سوریالیەکان، ئەوەندەی لە چوارچێوەی زەمەنی دەروونی شاعیرەکان دابوو، ئەوەندە ڕەنگدانەوەی زەمەنی مێژووی و فیزیکی ژیانی شاعیرەکان نییە ئەمە بەو مانایە نا کە سوریالیەکان نەکەوتبنە ژێر کاریگەریەتی ڕووداوە مێژوویەکان، بە تایبەتیش شەڕو ئاشووب و جەنگ چونکە هەر خودی ڕێبازی سوریالیزم بەرەنجامی کارەساتە تراژیدی و لێکەوتەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بوو، بەڵام دواجار سوریالیەکان ئەزموونێکی تایبەتی

هەواڵنامەی کتێب



شیعریان داهێنا تا ئەو ڕادەیەی کە دەقی شیعری بە تەنها ڕەنگدانەوەی تێڕوانین و باری دەروونی شاعیر بێت . واتە زەمەن بە شێکە لە وتوخمە بنەڕەتی و سەرەکییانەی کە ڕووداو ئاراستە دەکەن چونکە هیچ کردارێک نییە ڕووبدات ئەگەر زەمەنێکی نەبێ . لە شیعردا وێنەی هونەری و شیعریەت و سۆبژێکت بوونی هەیە بەو مانایەی ڕەنگە لە ئەزموونی شیعری شاعیرێک زەمەن بە شێکی سەرەکی شیعرەکان پێک بهێنێت بەبەراورد لە گەڵ ئەزموونی شیعری شاعیرێکی دیکە . ئەگەر ئاوڕێک لەشاعیرە کۆن و نوێکانی کوردستان بدەینەوە، کێشەکانی ژیان و کارەساتە جەرگ بڕەکان و نەهامەتی و برسیەتی خەڵک و پاڵەوانەکانی کوردەواری و شەڕە داسەپاوەکانی داگیرکەران ململانێی چینە ڕەش و ڕووتەکان لەگەڵ ئاغاو چەوسێنەران توانیویانە بەشێوەیەکی هونەریانە لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئاوێتەی بکەن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شێوازی هونەری و ناوەڕۆکی شیعری کوردی پاش ساڵانی ١٩٧٥ دوابەدوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، باری سیاسی و دۆخی دەروونی تاکی کورد جۆرە رەنگ و سیمایەکی خەمناکی پۆشی، ئەو شۆڕشە مەزن و بەرچاوەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان کە بەپیلانی دوژمنان کە بەپیلانە ڕەشەکەی جەزائیر ناوزەد کراوە کپ کرا، وای لە کەش و هەوای هونەر و ئەدەب بەتایبەتیش شیعری کوردی کرد، بەرەو ئاقاری بەرەنگاربوونەوە (مقاومەت) هەنگاو هەڵێنێ، بەدەیان شاعیر و بەهەزارەها دەقی شیعریمان لەبەردەستە بەرجەستەی ئەو بارودۆخەیان کردووە، شیعر ڕەنگی گوللە و بارووت و خوێنی گرتبوو، شاعیران تووڕەییان پێوە دیاربوو، خوێنەری کورد بەرێژەیەکی یەکجار زۆر حەزیان لە مجۆرە شیعرانە دەکرد کە ئاگری ناخیان جۆشتر بکات و بڵێسەکانی ڕووناکتر، بەدەیان کۆمەڵە شیعری شاعیرانی وەک عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، محەمەد قادر جاف و هتد.. نموونەی شاعیرانی بەرگریکاری کورد بوون، جگە لەو شاعیرە لاوانەش کە تازە هاتبوونە نێو کایەی شیعرەوە و بەهەمان حەماسەتی شاعیرانی شیعری مقاومەت، درێژەیان بەو ماوە شیعرییە دەدا، وەکو دەبینین زەمنی ئێستای کوردستان بەبۆنەی شەڕی داعشەوە بەشێک لە شاعیران شیعر بەباڵای نیشتیمان و پێشمەرگە و کوردستاندا دەنوسن و کەمتر هەستی شیعرییان بۆ ئەشق و ئەڤینە وەهونەرمەندانیش کارە هونەریەکانیان تایبەت بووە بە شەر و سەرکەوتن و گیانی فیداکاری لە نێوان تاکەکانی وڵاتدا بۆیە هەمیشە زەمەن کاریگەری لەسەر بەرهەمە ئەدەبی و هونەریەکان هەبووە . زۆر جار ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت لە هونەردا بە مەبەست تێکەڵاوی یەک دەبن هەندێک جاریش هەریەکەیان سەربەخۆ دەردەکەوێت زۆربەی ئەو فیلمسازانەی کە مەیلی سیاسییان هەیە هەوڵدەدەن لە فیلمەکانیان چۆنێتیی تێکەڵاوبوونی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت لە ژیانی خەڵک و کاریگەرییان لەسەر ژیانیان پیشان بدەن، بۆ تێگەیشتن لە دەلالەتی ئایدیۆلۆژی و دەلالەتی سیاسی دەشێت چەند جیاکاریکردنێک لە نێوانیاندا سوودبەخش بێت، دەشێت دەرکەوتنی سەلاجەیەکی پڕ لە خواردن لە فیلمێکی ئەمەریکیدا بۆ بینەرێکی یەکێتیی سۆڤێت وەک پروپاگەندەیەکی سیاسی دەربکەوێت، چونکە سەلاجەی پڕ لە خۆراک ئاماژەیە بۆ سک تێرێتیی سەرمایەداری لە بەرامبەر سک خاڵێتیی کۆمۆنیستدا، ئەم نموونەیە

هەواڵنامەی کتێب

گوزارشت لە سیمایەکی سیاسی دەکات لە روانگەیەکی دیاریکراوەوە . هەروەها شانۆی جەنگ لە مێژوودا رەنگە کاریگەری جەنگ و ئاسەوارە دەروونییەکانی بە سەر هزرو هونەرو تێکڕای رەهەندە مرۆییەکانەوە کاریگەرییەکەی بۆ ئان و ساتێکی دیاری کراو نەبێت بەڵکو هەمیشە شوێنەوارە رەش و تفت و تاڵەکانی جەنگ ، بە بەردەوامی لە هزرو دەروونی بینەردا زیندوو دەبنەوەو دەبن بە کەرەستە بۆ گەلێک کاری درامی ، ئەی ئەوە نیە هەتا ئێستاکەشی لە گەڵ دابێت زۆر لە گەلانی دنیا بە تایبەت ئەوانەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ کەوتنە ژێر تەوژم و گێژەڵوکەی جەنگە جیهانیەکان و شەڕی ڤێتنام و کارەساتی هیرۆشیما و کازانزاکی ، تاوەکو ئێستاکەش لەساڵیادەکاندا دەرهاوێشتە و سەربوردە پڕ لە مەرگە ساتەکانی ئەو کارەسات و جەنگانە دەکەنە بەرهەمی سینەمایی و شانۆیی و درامی و ئۆپرایی ، بۆ ئەوەی لە کرۆکی ئاسەوارە بە جێ ماوەکانی ئەو جەنگانە زیاتر وێژدانی مرۆڤایەتی بە دەرهاوێشتە پڕ لە تراژیدییەکانی ئەو کارەساتانە زاخاو بدەنەوە، ئەوەتا هەر لەو رۆژانەدا گۆرانی بێژی ناسراوی ئوسترالیا ( نیک کیف ) بە بۆنەی ساڵیادی جەنگی جیهانیی یەکەم ئۆپرایێکییان لەسەر شانۆی (شل شۆک ) لە برۆکسل پێشکەش کرد، کە تێیدا زۆر لە دیمەنە پڕ لە پاڵەوانیەتیەکانی ئەو جەنگە بەرجەستە دەکات و شوێنەوارە جەرگ بڕەکانی لە سەر دەروونی خەڵکی دا نیشان دەدات، لەو رۆژانەشدا لە ئۆسکوتلەندا فیستیڤاڵێکی تایبەت بە شانۆی جەنگ سازکراو یەکێ لە ئامادەبووانی ئەو فیستیڤاڵە تیپی ئۆپیرایی بترسبۆرگ بوو کە ئۆپیرای ( خەڵکی تەرواده) یان پێش کەش کرد ئۆپیرایێکی شانۆیی گۆرانی بوو، سەرکۆنەی ئەو جەنگانەی دەکرد کە لە ماوەی سەدەی رابووردوودا هۆکارێک بوونە بۆ قاتوقڕ کردنی بەشێکی زۆر لە مرۆڤایەتی، هەر لەو ماوەیەدا زانکۆی ( کۆرنیل ) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنفرانسێکی زانستی و پەروەردەیی دەربارەی کاریگەری جەنگ لە رووی پەروەردەیی و رۆشنبیرییەوە لە سەر هەلو مەرجی شانۆی ئەمریکی وەک نموونەش لە سەر شانۆگەرییەکانی ( ت .س . ئەلیوت ) ئەنجامدا، و بە دەیان کۆنفرانس و توێژینەوەی جیهانیی تر . هونەر وەک ژیان زیندووە و پشت بە چەندین زەمەن دەبەستێت فیلمی شۆڕشی فەرەنسا کە لە ساڵی ۱۷۸۹ بەرپابوو لە فیلمەکە زەمەنی فەرەنسا دەخرێتەڕوو باس لە ٦ ساڵ دوای شۆرش و حکومڕانی دیکتاتۆری ناپلیۆن دەکرێت، لە دوای ئەم سەردەمەوە ئەوروپا رووداوی گەورەی بینی کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی تەواو بوو خەڵک بڕوایان وابوو کە ئەمە کۆتایی جەنگە لە ئەوروپا، نەتەوەیەکگرتووەکان نەیتوانی گرفتەکان چارە بکات خەڵک هەستیان بە زیادبوونی باجەکان کرد کە ئەمە ئامادەکاری بوو بۆ پڕچەککردن و خۆسازدان بۆ جەنگی دووەمی جیهانی دواتر دارمانی گەورەی ئابوری پەیدابوو خەڵک تووشی ترس و تۆقین هاتن ترس لە نادیار، لە ترسێکەوە دەچوونە نێو ترسێکی دیکەوە تاوەکو ئەمرۆ ترس و جەنگ بەردەوامە، هەر بۆیە شیعر و هونەر بوونە هۆکارێکی هێورکەرەوەی خەڵک و تاوەکو ئەمرۆ کاریگەری گرنگیان لەسەر گۆرەپانەکە هەبووە .


**سەرچاوەکان**

١. گفتوگۆی تایبەتی ئەحمەد کامیابی مەسک لەگەڵ (سامویل بێکیت)ـدا..

٢. زەمەن وشوێن لە شیعری ئیسماعیل بەرزنجیدا ، سادق رەواندزی

٣. ئایدیۆلۆجیای سینەمایی و تیۆری سیاسی ، تۆنی ماکبین

٤. شانۆ لە سەردەمی جەنگدا ، حەیدەر عەبدولرەحمان, وتار

٥. جوگرافیا لە سینەمادا ، سەفەر عەلی


هەوالنامەی کتێب

# چارەسەر کردنی نەخۆشیی بە شیعر

## لەتیف هەڵمەت



داهێنانی نووسین لە لایەن مرۆڤەوە گرنگترین داهێنانە لە مێژووی مرۆڤایەتیداو گۆڕانکاری تەواوی لە سەرجەمی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانی ئادەمیزاددا بەرپا کردو بوو بە دیاردەیەکی سەرەکی کە مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی دی جیا بکاتەوەو مێژووی شارستانیەت لەگەڵ داهێنانی نووسیندا دەست پێ دەکات.

بێگومان نووسین بە گەلێ قۆناغدا تێپەڕی تاکو لە شەقڵی - پیت - دا خۆی گرتەوە... لەوانە قۆناغی وێنە نمایی و هێڵکاری و بڕگە کێشی و هتد..

نووسین گەلێ بابەتی تری لەگەڵ خۆیدا هێنا وەکو کەرەستەی لەسەر نووسین و قەڵەم و مەرەکەب و لە کۆتاییشدا چاپگەو چاپخانەو چاپکاری بە هەموو لقەکانی زانیاری و هەموو بەشەکانی هونەرو رۆشنبیری و هەموو یاساو فەرمانە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سوپاییەکان لە بۆتەی وشەدا جێگیر بوون و وشە جۆرە شکۆمەندییەک و جۆرە پیرۆزییەکی تایبەتی بۆ خۆی دروستکرد.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قۆناغ لە دوای قۆناغ دەوری وشەی نووسراو لە ژیانی مرۆڤدا پەرەی سەند.. من نامەوێ لەم باسەدا باسی سەرجەمی ئەو دەورە گرینگانەی وشە بکەم.. بەڵکو تەنها باسی دەوری شیعر دەکەم.. کە مرۆڤ وشەی داهێنا وەکو لە سەرەتاشدا ئاماژەم بۆ کردووە بۆ تۆمارکردنی هەموو چالاکییەکانی خۆی بەکار هێنا .. لەوانە نووسینی شیعر..

خەڵک لە سەردەمە دێرینەکاندا بە چاوێکی تایبەتمەندانەوە تەماشای شاعیریان کردووەو لە خەڵکی دی جیایان کردۆتەوە .. چونکە شیعر جۆرە کاریگەرییەکی ئەفسووناوی تیایەو لە ژێی دەروون دەدات و گۆڕانکاری لە ناخی خوێنەرو گوێگردا بەرپا دەکات.

مرۆڤ هەر لە دێر زەمانەوە لە خۆی پرسیووە: دەبێ ئەم کاریگەرێتییەی شیعر لە کوێوە هاتبێ.. ئایا لە شاعیرەکەوە هەڵدەقوڵێ یاخود هێزێکی نهێنییە و کەس پەی پێ نابا و لە زاری شاعیرێکەوە خۆی دەنوێنێ...!

هەر لەم پرسیارەوە کۆمەڵگە کۆنەکان ورووژان و کەوتنە گەڕان بە دوای وەڵامێکی پەسەندا بۆ پرسیارەکە ... لەم بارەیەوە ئەفسانەیەکی یۆنانی ئەوە ئاشکرا دەکات کە یۆنانییەکان بۆ هەموو هونەرێک خواوەندێکیان دەسنیشان کردبوو .. شیعریش خواوەندی تایبەتی خۆی بۆ دانراوە .. ئەویش - ئەپۆلۆ- بووە ... ئیفلاتوون رای وایە کە شاعیر گیانلەبەرێکی پیرۆزەو ئەو واتاو قسانە دەردەبڕێ کە خواوەندێک پێی رادەگەیەنێ. شایانی گوتنە زمانی شیعر زمانێکی هەستییەو پەیڤ لەم زمانەدا تەنها جەڤەنگ و هێما نییە .. بەڵکو دەبێتە کۆمەڵێک ورووژێنی هەستی و لە زەینی گوێگرو خوێنەردا بڕێ وێنەو هەست و سۆز بەرپا دەکات و ژێکانی ناخی دەبزوێنێ..

ئا لەم بنەمایەی شیعرەوە لە دێر زەمانەوە بایەخ بە وزەو بەهای رۆحیی شیعر دراوەو لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشی دا جێگەی دیاری بۆ دانراوە .. شایەنی بیرخستنەوەیە کە یۆنانییەکان دەشپێشکەرییان لەم بوارەدا هەیەو بەر لە گەلانی دی هەستیان بە هێزو توانای کاریگەرێتی شیعر لەسەر دەروونی مرۆڤ کردووە.

هەزاران ساڵ دوای ئەوانیش دەروونناسی ناسراو (سیگمۆند فرۆید) ئەوەی سەلماند کە شاعیران یەکەم کەسن جڵەویان بۆ دۆزینەوەی راستییە شاراوەکانی قووڵایی دەروون بەرداوە.. ئەوەش لە رێگەی گێژاوی هەست و نەست و سۆزەوە. لەدوای فرۆیدیش (یۆنگ و ئادلەرو مۆرینۆو رایک) دووپاتیان کردەوە کە شاعیران بە شێوازێکی رەسەن ئەو رێگاو تۆنێلانە ئامادە دەکەن کە لە دوای خۆیان زانایانی دەروونناسی پیادا دەڕۆن و شاعیران بەر لە شیکردنەوەی رەوشت و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ وەکو زانستییەک .. بە ماوەیەکی زۆر بارودۆخی دەروونی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن. کە ئەمە بیروڕای زانایانی دەروونناسی سەدە تازەکان بێ .. ئیتر نابێ بە لامانەوە سەیر بێ کە (ئەرستۆ) پێش چەند هەزار ساڵێک باسی چارەسەرکردنی هەندێ باری دەروونی کردبێ بە شیعر.

ئەرستۆ ئاماژە بۆ شیعری تراژیدی دەکا کە دەروونی مرۆڤ پاکژ دەکاتەوەو ئۆقرەو ئاسوودەیی دەداتێ.

گەلێ سەرچاوەش باسی ئەوە دەکەن کە زانا و پزیشکی ناسراوی ئیسلامی ئیبن سینا هەندێ نەخۆشی بە شیعر چارەسەر کردووە لە بری داودەرمان.

لە ناوەندیی ئەم سەدەیەشدا هەردوو زانای ناسراو (سمیس و تۆیغورت) سەلماندیان کە شیعر بە تایبەتی و هونەر بە گشتی لە باریاندا هەیە گەلێ جۆری نەخۆشی دەروونی و ئەقڵی چارەسەر بکەن .. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ بارودۆخی تایبەتی بۆ نەخۆشەکە ساز بکرێ.. تاکو بتوانێ سوود لەو چارەسەرکردنە وەربگرێ. دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە بە مۆسیقاش کە یەکێکە لە هونەرە جوانەکان هەندێ جۆری نەخۆشی چارەسەر دەکرێ. لە سەدە کۆنەکانەوە تاکو ئێستەش هەندێ هۆزو تیرەی دووره شارستانی بە نەزم و رەزمی تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا نەخۆشەکانیان ئاسوودەو دڵنیا کردووەو دەکەن... لەم دواییەشدا زاناکان دەریان بڕی کە هەندێ لە بەشەکانی هونەر کاریگەرێتییان لەسەر ئاژەڵ و رووەکیش هەیە.. هەر بۆ نموونە هەندێ چەشنی گوڵ و درەخت بە مۆسیقا نەش نما دەکەن.

بێگومان شیعر مۆسیقای دەرەکی و ناوەکی تایبەتی خۆی هەیەو کاتێ نەخۆشێک چێژ لەو مۆسیقایە دەبینێ دەورووژێ و گۆڕانکاری لە بونیادیدا روودەدات و لە ئەنجامی ئەو ورووژان و گۆڕانکارییەدا وردە وردە هەست بە ئاسوودەگی و سەبووری دەروونی دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە ناتوانین سەرژمێرێکی تەواو بکەین لە بارەی ئەو نەخۆشی و نەخۆشانەوە کە بە شیعر چارەسەر کراون..

بەڵام ئاشکرایە شیعر لەو بوارەدا دەوری باڵای بینیوە...

جا مافێکی رەوایە بپرسین چۆن نەخۆشی دەروونی و ئەقڵی بە شیعر چارەسەر دەکرێ..؟

لە راستیدا وەکو زانای دەروونی (رۆبرت جۆنز) دەڵێ:

ئەم کارە دەبێ لە لایەن پزیشکی دەروونی تایبەتمەندەوە لە مەڵبەندی چارەسەرکردندا دانیشتنی شیعری سازدەکاو پەڕە کاغەزێک دابەش دەکات بەسەر هەموو نەخۆشە دانیشتووەکاندا سێ چوار بڕگە شیعری تیادا نووسراوە.

دوایی ئەوسا پزیشکەکە بە دەنگێکی زوڵاڵ و روون و لەسەر خۆ بڕگە شیعرەکان دەخوێنێتەوەو لە کاتی خوێندنەوەدا زیاتر بایەخ بە هەندێ بەشی شیعرەکان دەدا بۆ ئەوەی مشتومڕی لەسەر بکرێ. بەڵام هەڵبژاردنی شیعر بۆ ئەم ئاهەنگە زۆر زۆر سەخت و زەحمەتەو ئەو هەڵبژاردنە شارەزایی و لێهاتوویی تەواوی دەوێ..

نابێ ئەو شیعرە ئاڵۆز بێ و نەخۆش لێی تێنەگا ...

چونکە ئەگەر ئاڵۆز بوو ئەوا هیچ کاریگەرێتییەکی بۆ سەر نەخۆشەکە نابێ و ئەنجامی کارەکە رەنجبێوەری دەبێ.

دوای خوێندنەوەی شیعرەکە یەکەم هەنگاو ئەوەیە پزیشکەکە هەوڵی ئەوە بدات هەست و نەستی نەخۆشەکان دەربارەی شیعرەکە بزانێ .. ئایا شیعرەکەیان پێ خۆش بووە یا نا ...! ئەنجا هەل وەدەستبێنێ و ناخیان بە وردی بخوێنێتەوەو دوای چەند دانیشتنێک پرسیارو وەڵامی زۆر دێنە ئاراوەو هەموو نەخۆشێک جۆرە پرسیارێکی هەیەو جۆرە بۆچوونێکی تایبەتیشی هەیە بۆ شیعرەکە .... جیاوازی ئەم جۆرە دانیشتنە شیعرییانە لەگەڵ دانیشتنەکانی کۆلێژی زمان و ئەدەب دا ئەوەیە کە لە پۆلی کۆلێژەکەدا مەبەستی سەرەکی ئەوەیە ماناو واتای ئەو شیعرە بخرێتە روو کە دەخوێنرێتەوە ... بەڵام لەم دانیشتنانەدا کە نەخۆشی تیادا چارەسەر دەکرێت مەبەستی سەرەکی ئەوەیە باری سەرنج و بۆچوونی تایبەتی هەموو نەخۆشەکان دەربارەی ئەو شیعرە بزانرێ.. بێ گومان لەم حاڵەتەدا ئەوەندەی ژمارەی دانیشتووان لە کۆڕەکەدا باری سەرنج و بۆچوونی جیاوازو جۆر بە جۆر هەیە.

هەر بۆ نموونە ئەگەر لە یەکێ لەو دانیشتنانەدا ئەم شیعرەی ئەحمەد موختار جاف بخوێنرێتەوە دەبینین هەر نەخۆشەو باری سەرنجی تایبەتی خۆی لە بارەیەوە دەبێ:

**[بە سۆز و ناڵە دەنگی بولبولێ من دێتە گوێم ئەمشەو**
**مەزەننە شیوەنی بۆ عاشقێکی تازە کوژراوە**
**وتی: شێتی کە باڵای من ببێ تۆ سەیری عەرعەرەکەی**
**لەجێ یە زوڵفی من بێ بۆچی تۆ چاوت لە لاولاوە**
**سبەینێ چوویە ناو باغ و خاڵی رووی تۆی دی خەجاڵەت ما**
**وەنەوشە بۆیە مل کەچ ئێستا وا مەحزوون و داماوە**
**چلۆن تەیری دڵم .. رزگاری ئەبێ جانا لە دەستی تۆ]**
**کە خاڵت دانەیەو هەڵقەی ئەسیری زولفت وەک داوە**

لەم ئەزموونەدا دەبێ رەچاوی ئاستی بەرزی و نزمی پلەی رۆشنبیری نەخۆشەکان بکرێ .. هەر بۆ نموونە ئەوانەی ئاستێکی رۆشنبیریی بەرزیان هەیە و دەیانەوێ بە شیعر چارەسەر بکرێن دەبێ شیعری پایە بڵندیان بۆ هەڵبژێردرێ وەکو شیعری مەولەوی و مەلای جزیری و مەحوی و ناڵی و وەفایی و سافی هیرانی و تاهیر بەگی جاف.. چونکە مۆسیقا لە شیعری ئەم شاعیرانەدا کاریگەرو واتاو خەیاڵیش فرەوان و قووڵە بۆ چەسپاندنی ئەم قسەیە با ئەم شیعرەی تاهیر بەگی جاف بخوێنینەوە:

هەواڵنامەی کتێب

**[چەمەن یەک بارە خامۆشە .. خرۆشی بلبلان بابێ**
**دڵ ئەمڕۆ مات و مەدهۆشە.. خوا فەسڵی گوڵان بابێ**
**نەماوە حاڵەتی ژینم لە دەس چوو رۆحی شیرینم**
**رەفیقان بێن بکەن شینم.. سەدای گریەو فغان بابێ]**

بەڵام ئەو نەخۆشانەی کە پلەی رۆشنبیرییان نزمە زیاتر دەبێ شیعری فۆلکلۆری و شیعری مەتەڵیان بۆ هەڵبژێردرێ وەک:

**[رانەکەم رۆیی بندارەو بندار**
**دڵ هەر یەکێکە مەیدە بە هەزار**
**ئەو چەمەی کەوا بەرەو خوار ئەڕوا**
**سێوێکی تێخەی بۆ لای یار ئەڕوا]**
**یاخود مەتەڵێکی لەم جۆرە:**
**[یەک وشەیە پیتی هەشتە**
**دۆزەخ لە کۆڵ خۆی بەهەشتە**
**جێگای من و تۆو هەمووانە**
**بۆ بەرزی ئەو گیان هەرزانە]هتد**

لە {ئەزموونگەی چارەسەرکردنی نەخۆشی بەشیعر} بە شیعر خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی سەرەکی و گرنگە بۆ بەرپابوونی وروژاندن و گۆڕانکاری لە ناخی نەخۆشیداو گوازتنەوەی لەو جیهانەوە کە تیادا دەژی بۆ جیهانێکی دی .. دبێ ئەوە لە یاد بێ کە زاناکانی دەروون دەڵێن شیعرو خەون لە یەک دەڤەرەوە هەڵدەقوڵێن و ئەمەش کاری چارەسەرکردنەکە ئاسانتر دەکات چونکە چۆن هەندێ نەخۆش بە هۆی خەونەوە چارەسەر دەکرێن ئا بەو جۆرەش هەندێ نەخۆش بە شیعر چارەسەر دەکرێن.. لەبەر ئەوەی شیعرو خەون هەردووکیان لە توێژەکانی نەستی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێن مرۆ کە گوێی لە شیعرەکە دەبێ لە دەرگەی جیهانی شیعرەوە دەڕواتە جیهانی خەون و خۆزگەو رق و خۆشەویستی و ستەم و میهرەبانییەوە .. یەکێک لەو شیعرانەی کە لە دانیشتنە شیعرییەکاندا دەوری باڵای بینیوە لە چارەسەرکردنی نەخۆشی و مشت و مڕی زۆر لەسەر کراوە ئەم پارچە شیعرەیە:

**(برسێتی و تینوێتی)**
**[لە هەموو میوەیەک بە تامتر**
**لەو میوانەی کڕیومن**
**بەو نیازەی برسێتی ناخمی پێ کپ کەم**
**ئەو قۆخەیە کە لە لقەکەی نەم کردەوە...**
**خۆشترین ماچ کردبێتم**
**ئەو ماچەیە کە نەم کردووە**
**ئا بەم جۆرە لەو ئاهەنگی جەژنەدا کە بەر لەوەی ژینم ئاوابێ**
**دەیگێڕم**
**برسێتی خۆشترین خۆراکەو**
**توێنوێتیش خۆشترین ئاوە]**

چارەسەرکردن بە شیعر ئاسوودەیی دەروونی و گەشبینی و دڵنیایی و دڵنەوایی و هیوری بە گەلێ نەخۆشی دەروونی و ئەقڵی بە خشیوەو دەبەخشێ .. هەر وەکو زاناکانی ئەم بوارە سەلماندوویانە شیعر یارمەتی نەخۆش دەدات کە بە قووڵی بیربکاتەوەو هەست و سۆزی فراوان بێ و ناخی دەروونی خۆی بە روونی بخوێنێتەوە.... لەم بارەیەوە دکتۆر (سمیلی بلانسۆن) کە بۆ ماوەی چل ساڵ لەم ئەزموونەدا کاری کردووە دەڵێ: شیعر هیواو ئومێد بەم نەخۆشانە دەبەخشێ رەشبینن و ئازایی و توانا و ئارام و وره بەو نەخۆشانە دەدات کە لە ژیان دەترسن و تووڕەیی و دەمارگیری ئەو نەخۆشانە هێدی دەکاتەوە کە زوو زوو هەڵدەچن و تەنانەت گوڕوتاو بە دڵی ئەو پیرو بە ساڵدا چووانە دەبەخشێ کە خەریکن لە ژیان بێزار بن.

بە گوێرەی ئەو سەرکەوتنانەی کە لەم بوارەدا وەدەس هاتووە.. ئەم جۆرە چارەسەرکردنە چارەسەر کردنێکی زانستییەو ئێستە گەلێ پزیشک و نەخۆشخانەی تایبەتی بۆ ئەم جۆرە چارەسەرکردنە

هەواڵنامەی کتێب

لە جیهاندا هەن و تەنانەت لە هەندێ نەخۆشخانەدا نەخۆشەکان بڵاوکراوەی تایبەتی خۆیان هەیەو شیعری خۆیانی تیادا بڵاو دەکەنەوەو مشتوومڕو گفتوگۆی لەسەر دەکەن... ئەمەش بەشێکە لە شیعرێکی یەکێ لە نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی (بەسافانیا) کە لە ساڵی ١٨٤٣دا لە گۆڤارێکی ئەو نەخۆشخانەیەدا بڵاوکراوەتەوە:

**(شیوی ئاسمان)**

**ئەی بوونەوەرە جوان و دڵنەواکان**

**ئێوە چەند سەربەستن**

**ئەی ئاسکۆڵە..**

**تۆ ئەو شادییانەمت دێنێتەوە یاد**

**کە ڕەویان کرد**

**تۆ لە جیهانەکەتدا .. بە سەوزە گیای چڕو**

**ئاوی هەڵقوڵاوی بەهارو**

**ئەو هەتاوە گەشەوە**

**کە هەموو دیمەنێک پڕشنگڕێژ دەکات**

**زۆر بەختەوەری ....**

**بەڵام ئێمەی هاونشینی ئەم زەوییە**

**ئێمەی کۆیلەی نێوان ئەم دیوارانە**

**ئاخۆ ئاهی کوێرەوەری هەڵدەکێشین...**

**خودی ونبوومان و**

**ئەوینی هەناومان و نامۆیی خەمناکی ئەقڵمان و**

**هاوڕێکانمان و**

**شوێن و هەوارمان**

**هەر هەمووی**

**بە ناخی کارەساتدا دەچێتە خوارێ!**

ئەم بابەتەش .. واتا بابەتی شیعر نوسین لە لایەن نەخۆش خۆیەوە دەرگەیەکی نوێی خستە سەر پشت بۆ پزیشکەکانی ئەم بوارە لە بارەی چارەسەرکردنی نەخۆشەوە.... ئەویش بە خوێندنەوەی ناخی نەستی نەخۆش لە ڕێگەی ئەو شیعرانەوە کە دەینووسێ... چونکە لەبری ئەوەی پزیشکی دەروونی بە هۆی پرسیارو وەڵامەوە بگاتە جێ شاراوەکانی ناخی هەست و نەستی مرۆڤی نەخۆش... زۆر بە ئاسانی لە دەلاقەی ئەو شیعرانەوە کە نەخۆش دەینووسێ پزیشکەکە دەچێتە هەناوی نەخۆشەکەوەو هەموو توێژاڵە نهێنی و شاراوەکانی ناخی نەخۆشەکە بە وردی و روونی دەخوێنێتەوەو ئەم لایەنەش خۆی لە خۆی دا باسێکی تایبەتی دەوێ.

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم باسە سوودیان لێ وەرگیراوە:


١.احاديث عن العلم والعلماء/د.محمد فياض

٢.البحث النفسي في ابداع الشعر/ثامر حسن جاسم

٣.الانسان في ادب وادي الرافدين/د.يوسف حبي

٤.مطالعات في شعر المقاومة العالمي/د.حسني محمود حسين

٥.ادبنا الحديث بين الرؤيا والتغير/ريتا عوض٦.

هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی و عەرەبی

٧.دیوانی ئەحمەد موختار

٨.دیوانی تاهیر بەگی جاف

٩.بیروڕای تایبەتی خۆم


هەواڵنامەی کتێب

# لەبارەی جوانییەوە ...

مرۆڤ هەیە خۆی تێکستە..
مرۆڤ هەیە خۆی شیعرە...

**هێمن قەرەداغی**





ماوەیەك لەمەوبەر لەلایەن هاوڕێم «بوشرا کەسنەزانی»یەوە داوەت کرام بۆ کۆڕێکی مامۆستا «لەتیف هەڵمەت» لە سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی، لەتیف هەڵمەت بۆ من منداڵیی و شیعر بوو، زۆرێك لە شیعرەکانی لە قۆناغەکانی سەرەتایی ناسیومە، بەڵام بەردەوام خۆیم وەك شتێك زیاتر لە شیعر بینیووە، وەك پیاوێك کە لە خەیاڵێکی سوریالیی دەچێت. کۆڕەکەی مامۆستا لەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێخوازیی شیعر بوو لە کوردستان، کۆمەڵێك خاڵی وردی وروژاند بەوەی ویستی نوێگەریی شیعریی پێش گۆرانیش هەبووە... وەك عادەتی خۆم لە هەموو شوێنێکدا بە وردیی سەیری شتەکان دەکەم، هەوڵدەدەم وەك تابلۆیەك لەو چرکەساتە بڕوانم کە مرۆڤەکان و دەنگەکان و ڕەنگەکانی ئەو شوێنە پێکدەهێنن، بزەیەکی شاراوە لای من نرخی خۆی هەیە، حەپەسانێك، دەموچاوێکی ماتەم، جوڵەیەك... هەموو ئەمانە بۆ من توێکڵی مانا و توێژاڵی جوانین. لەتیف هەڵمەت هاتبوو بۆ ئەوەی لە بارەی شیعرەوە قسەبکات، من چووبووم تا خۆی وەك شیعر بخوێنمەوە. سەرەتا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام دەفتەرە بچووکە مەدرەسییەکەی دەستی بوو، هەموو کۆڕەکەی لە دەفتەرێکی ژاکاوی سی لاپەڕەییدا ئامادەکردبوو، دەفتەرێك لەوانەی لوولی دەکەیت بۆ ناو گیرفان، دوور لە ویقاری پیاوە درۆزنەکان بە دەستێك لایەکی دەفتەرەکەی لوول کردبوو و بە حەماسەوە قسەیدەکرد. ماوەیەکی زۆر چاوم لەسەر دەفتەرەکەی بوو... دواتر سەرنجم چووە سەر دەنگ و جوڵەی جەستەی، وەك مژدەدەرێك هاواری دەکرد، لەگەڵ قسەکردندا هەموو جەستەی دەجوڵا، چەند جارێك هەستمکرد خەریکە لەشوێنی خۆی بەرز دەبێتەوە، بچووکیی جەستەی ئەوەندەی تر حەماسەتەکەی جوان کردبوو، بۆ ساتێك مایکەکە دوورکەوتەوە و دەنگی ئەو هەر کز نەبوو، لە دڵی خۆمدا دەمووت

هەواڵنامەی کتێب

ئەم مایكە بۆ ئەو زیادەیە... دواتر دیقەتم چووە سەر قاچە بچووكەكانی، سەیرێكی هاوڕێم «دانا فایەق»م كرد و بە گوێیدا چرپاندم: سەیری قاچ و پێڵاوەكانی بكە، سەیركە چۆن وەك دوو كەروێشكی بچووك ئەیانەوێت باز بدەن، ماوەیەكی باشیش لە بچكۆلەیی و جوڵەی قاچەكانی ڕامام. دواتر ئەو شتە ڕوویدا كە من بۆی هاتبووم، ئەو شتەی ترۆپكی گەڕان و چاوگێڕانی منی گەیاندە شوێنی خۆی... لەگەرمەی كۆڕەكەدا مامۆستا تەلەفونی بۆ هات، هەمووان چوببوونە قوڵاییەوە و لە پڕێكدا تەلەفوون هات، بەپێچەوانەی ویقاری دڕۆزنەوە، جوان و ڕێكوپێك تەلەفونەكەی هەڵگرت و بەچرپە كەوتە وەڵامدانەوە، مەشهەدەكە بەمجۆرە بوو: هەمووان سەیری ئەویان دەكرد و ئەویش كورسییەكەی خستبووە سەرلا و بەدەستە بچووكەكانی دەمی گرتبوو و زوو دەیوت لە كۆڕدام، چیت ئەوێت؟ دوایی ... دوایی... باشە... باشە. ئەو بەچرپە قسەیدەكرد و مایكەكەش هەمووی دەگەیاندە ئێمە. من لە جێی خۆمەوە شاگەشكەبووم، ئاوڕێكی ترم دایەوە بۆ لای دانا فایەق و پێمووت: ئەو بۆ كۆڕ نەهاتبوو، ئەو هاتبوو تەنها ئەم لەحزە شیعرییەی لێبەربێتەوە، گەر ئەمڕۆ هیچیشی نەوتایا ئەمە بۆ من بەس بوو، ئەم عەفەویەتە خۆی شیعرە

بینینی ئەو لەم دۆخەدا خۆی شیعر بوو، جاروباریش زۆر جوان بە لایەكی چاو سەیری هەموومانی دەكرد و لە سەیركردنەكانیدا ئەم دەربڕینانەت دەبینی:

ئەزانم كۆڕە و ئەشزانم زانكۆیە، ئەشزانم زیاد لە دوو سەد كەس سە یرم دەكات... بەڵام ناتوانم وا نەبم، ناتوانم خۆم نەبم، ناتوانم وەڵام نەدەمەوە، ئیتر ئێوەش ئارەزووی خۆتانە چی دەڵێن.. هەمووشتانم خۆشەوێت .

دواتر وتم كاكە دانا من بەشی خۆمم وەرگرت، ئەو خۆی تێكستە و خۆی شیعرە... هیچیشی نەوتایە تەنها تەلەفونەكە بەس بوو.

پاشتر لەلایەن دۆستانەوە داوەتكراین بۆ كافتریا و مامۆستاش لەگەڵمان بوو، من چوومە بەردەمی و دەستەكانیم گووشی، وەك ئەدەبێك كەمێك لەبەردەمیدا چەمامەوە، ئەویش كە زۆر ناسك نەیدەزانی من كێم وتی: ناوی تۆم بیستووە. لەدڵی خۆمدا وتم گوڵی جوان من نامەوێت بمناسیت، نەبا ویقار بتگرێت و خۆت خۆت نەبیت... دواتر بە ماشێنەكەی من گەیاندمانە شوێنی خۆی، دانیشتنی لە كورسی سەیارەكەدا سیمبولی جوانیی و ویقار بوو، لەگەڵ ئەوەدا كە كورسییەكە جێی دوو كەسی تری وەك ئەوی تێدا دەبۆوە، بەڵام بە حورمەتەوە لەسەرلا چاوێكی هەر لەسەر من بوو كاتێك وەڵامی پرسیارەكانی ئەدامەوە.

من پرسیم جوانیی چییە؟

ئەو دەیوت: ژیان بێ ئەو زۆر ئەستەمە.

من: عەشق چییە؟

ئەو: مرۆڤ عاشقی شتێك نەبێت نابێتە شاعیر.

من: تۆ هەر عاشقیت؟

ئەو: هیچ كاتێك نەبووە عاشقی شتێك نەبم.

من: خودا چییە؟

ئەو: ژیانكردن بێ خودا مەحاڵە.

من: وایدەبینم خوداپەرستی جوان ژیان و جوانبینین بێت.

ئەو: بۆ من خوداپەرستێ ژیان و ئەودیو ژیانیشە.

لە ساتی ئەم گفتوگۆیەدا زوو زوو لە ئاوێنەكەوە سەیرێكی دانا فایەقم دەكرد و بزیەكی قووڵ لە قەشەنگیی ئەو پیاوە دەیگرتین... ئەو قسەی دەكرد و منیش وەك تێكستێك، وەك شیعرێك هەموو گیانیم دەخوێندەوە.

**هەندێ كەس خۆی تێكستە...**

**هەندێ كەس خۆی شیعرە...**

هەواڵنامەی کتێب

# پرسی ناونیشان لەشیعری کوردیدا

## «سوریالییەتی ناونیشان،لای لەتیف هەڵمەت وەک نموونە»

**دیار لەتیف**

دنیای نوێگەری بەردەوام لەبزاوتندایە بۆیە ڕۆژانە چەندین شتی تازە دادەهێنرێت، هەموو ئەمانەش پێویستیان بەناونیشان دەبێت،کەواتە یەکێک لەسودەکانی ناو هەم بۆ ناساندن و هەمیش بۆ جیاکردنەوەیە، هەربۆیە مرۆڤ بەبێ ناوەکان ناتوانێت درێژە بەژیان بدات، ناوەکان پێویستییەکی سەرەکی چرکەساتەکانمان دەگرنەوە.

ناونیشان بەڕێوەبەری دەقە، ئەگەر هەر دەقێک بەڕێوەبەری نەبوو توشی کێشەی پاشەگەردانی دەبێتەوە.

ناونیشانەکان مانا بەخشی دەقن، هەموو دەقێک بۆئەوەی مانا بەخش بێت ناونیشانێکی پێویستە.

ناونیشان دەروازەی باسە وەکچۆن هەموو شارێک بازگەیەکی بۆ چوونە ژوورەوە هەیە، بەهەمانشێوەش بۆ ناونیشان و دەق پێویستمان بەدەروازەیەکە بۆ چوونە ناوەوەی دەق،ئەو بازگە دەروازەیەی بەپێی پێویست ڕاماندەگرن باشترن لەوانەی کەبەخێراییەکی سرکانە دەمانپەڕێننەوە.

ناونیشانەکان وەکو ڕەگ وان ڕاگر و چرکراوی دەقەکانن، جگەلەوەش ناونیشان هێمای دەقە.

هەندێک لەناوەکان هەن تەنیا تیشکێکی سنوردار دەخەنە سەر شانۆی دەق و هەشمانە هەروەکو بیر وان بەردەوام ئاوی مانایان لێدەردەهێنرێت

ئەو ناونیشانانەی داماڵراون لەفرەواتایی ئەوە دەبنە دەرد بۆدەق، چونکە دەرگا لەبەردەم خوێندنەوەی جۆراوجۆر و جوانی بەخشین بەدەق دادەخات.

خاڵێک هەیە کەلەناودانانـدا دەبێ وریایانە مامەڵەی لەتەکدا بکەین، کەئەویش ناونیشانی درێژە، چونکە ناوی درێژ کەمێک درەنگتر وەرگر هەرسی دەکات.

ئەو ناونیشانانەی کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مانای دەق دەبەخشن نەک لەنگی بۆدەق دروستناکات بەڵکو نیشانەیەکە بۆ ڕامان و تێهزرین و جوانیش.

پەیڕەوکردنی یەکجۆر شێواز لەدانانی ناونیشاندا دەبێتە هۆی نەخۆشی بۆ دەق کەواتە پێویستە نوسەر بەردەوام لەکاژگۆڕینەوەدا بێت بۆئەوەی ناونیشان و دەق لەئاستی هاوچەرخێتیدابن.

هەندێک جار دەق هەیە لەئاستی ناونیشاندا نییە و بەپێچەوانەشەوە ڕاستەوانە دێتەوە، کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی نوسەر لەدانانی ناونیشاندا.



پرسیارێکی لەوشێوەیەی ئایا دەکرێت ئەو وشانەی بۆ ناونیشان دادەنرێت لەگەڵ کارامەیی خوێنەردا تەبابن؟ یاخود ئایا سەرکەوتوترین ناوەکان ئەوانەن لەگەڵ وشەنامەی مێشکی وەرگردا گونجاو دێنەوە و ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ وەرگرتنی چێژی زیاتر لەلایەن وەرگرەوە؟

بەرسڤەکە ئەوەیە مەرج نییە وشەکان لەدانانی ناونیشاندا هەمان ئەو وشانەبن کەلەکارامەیی وەرگردا هەن، دەکرێت وشەکان بەخوێنەر نامۆ بن و وەرگر لەپرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکەدا درک بەمانای وشەکە بکات، بەتایبەت زیاتر بۆ ئەو ناونیشانانەی کەتاک وشەین.

هەر بۆیە سەرکەوتویی ناوەکان و وەرگرتنی چێژ هیچکات نەبەستراوەتەوە بەوەی کەدەبێت خوێنەر مانای ئەو وشانە بزانێت کە لەدانانی ناونیشانەکەدا هاتوون.

هەواڵنامەی کتێب

بۆئەوەی دەق بەمافی تەواوی خۆی بگات دەبێت ناونیشانەکەی (هونەری، مانادار، سەردەمیانە و ڕاڤە هەڵگر بێت).

بەجۆرێک لەجۆرەکان دەبێت ناونیشانەکان لەزتبەخشبن، واتە خوێنەر بگەیەنێتە دۆخێک بەوهۆیەوە حەزی بچێتە سەر خوێندنەوەی دەقەکە.

تاڕادەیەک ئەرکە لەسەر ناونیشان دەق لای خوێنەر خۆشەویست بکات.

بۆیە جێگەی سەرسوڕماندنە دەقێک لەئاستێکی بەرزی دەقبووندا بێت و ناونیشانەکەی لەپلەیەکی نزمدابێت، چ لەڕووی هونەری و پێکهاتەکانی دیکەوە، پاشان لەڕووی ئاستی مەعریفی دەقەکە و بەهای گشتی مەعریفیدا.

ناونیشان و دەق دوانەیەکی لێکجیانەکراوەن، بەمپێیە ناونیشان و دەق وەکو جەستە و ڕۆح وان بێ یەکتر هەڵناکەن، هەربۆیە لەنەبوونی یەکێکیاندا ئەویتریان لەباردەچێت و دەمرێ.

خواو شارە بچکۆلەکەمان ، ئەو کتێبە شیعرییە کەلەقۆناغی دەیەی شەست و حەفتاکاندا شۆڕشێکی تازەی بەرپاکرد، ئەو ناونیشانە بۆخۆی لەخۆیدا ناوێکی تازەیە بۆسەردەمی کتێبەکە و بۆ سەردەمی ئەو قۆناغە شیعرییە.

ئەگەر وردتر شۆڕببینەوە بۆ ناونیشانی دەقەکان، ئەوا کۆناونیشانێکی سەرنج سوڕماوتر دەبینین، لەوانە:(پەیکەرێک لەپشکۆ، گەڵای خوێ دەوەرێ، لەباوڵێکی کلیل ونبوودا، لقی هەتاو، ئەمر کولەکانە دەشکێنمر، چرایەک لەشەپۆلی گەڕاودا، سێبەری چاوە ژەنگاوییەکان، وشە سوتاوەکان...)

گەواهی ئەو ڕاستینەیە دەدەن، جگە لەمەسەلەی نوێبوونەوەی دەق و ڕاپەڕینی شیعریی، هاوکات لەتیف هەڵمەت لەدەیەی شەست و سەرەتای حەفتاکان و هەوڵدان بۆخۆقوتارکردن لەدەستی ڕەوتی قۆناغی شیعریی گۆران کەهەر بەڕاستی ئەو تەوژمە شیعرییە تازە لەسەردەستی (لەتیف هەڵمەت)، ئەو درزەی لەدەق بەرەو نوێخوازی ئافراند.

هەروەکو وتمان جگەلە بابەتی ناونیشان، تەرزێکی دژەباوی هاوکێشەی واتایی دەق لەسەردەمی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ەوە هاتەبوون.

یەکەمر هۆزانڤانی سوریالینوس لەقۆناغی تازەبوونەوەی شیعری کوردیدا لەتیف هەڵمەتە ، بەڕابەرایەتی خواو شارە بچکۆلەکەمان.

بەشێکی هەریەکە لەناونیشانەکانی ناو پەرتووکی ناوبراو سەرنج بدەین، دەبینین: تێکشکاندنی زمان، تێکشکاندنی وێنە ئاسایی و باوەکان، تێکشکاندنی سینتاکسی، تێکشکاندنی سیمانتیکی ڕەوتی زمان، تێکشکاندنی هاو واتای بیریی لێکسیکۆلۆژی.

بەسەر ناونیشان و دەقە شیعرییەکاندا پراکتیکە دەکرێت.

بۆیە ڕوایە بڵێین لەتیف هەڵمەت یەکەمر شاعیری نوێگەرە, کەبەئاگاییەوە ئیشی لەسەر جیۆگرافی سوریالییەت لەشیعری کوردیدا کردووە.



# درەنگ هاتنی شاعیرێك

دلاوەر نوری ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

تەیب جەبار شاعیرێك كە لە تەمەنی پەنجاو چوار ساڵی یەكەم دیوانە شیعر چاپ دەكات. چ ئازارێك لەوە گەورەتر پەنجاو چوارساڵ ئازار بنووسیتەوە، بێ ئەوەی بڵاوی بكەیتەوە! كاتێك مرۆڤ دەیەوێت شتێكی گرنگ بخوێنێتەوە دەبێت هەوڵبدات شتێك بخوێنێتەوە كە دواتر لە بیرەوەریدا بمێنێتەوە. هەرچەند ئێستا كتێبخانەی كوردی هەزاران كتێبی ناقابیلی تێدایە، كە پێمان عیبە بیانگرینە دەستەوە ئەمە ڕەوشێكە كە ڕەنگە ناوبنرێت پەتای كتێب.

لەپاڵ هەموو ئەو گرفتانە ئێستا هەیە هەندێك جار شیعرێكی» تەیب جەبار « دەرمانێكی چاكە بۆ ئەوەی لەو ژاوە ژاوەی دنیا دوربكەویتەوە، « تەیب « هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی بەرنگاری تەواوی ڕەوتەكانی ژیان بێتەوە. لە ناو شیعرەكانیدا هەست دەكەیت ئەو پێچەوانەی تەواوی شاعیرەكانی تر شیعری نوسیوەتەوە، كەرەستەكانی كەرستە گەلێكن كە ڕەنگە خوێنەر لەكاتی خوێندنەوەیدا توشی شۆك بێت.

**(( ئەو ڕۆژەی من دەمرم،**
**قاپ و قاجاخی ناو ماڵەكەم،**
**لە ژووری مەتبەخ كۆدەبنەوە.**
**پرسەم بۆ دادەنێن.**
**سەرەتا دەیكەن بە فیزاح و گریانێ ،**
**هەر كەسە و ..**
**بۆ بەختی خۆی دەگرێ . ))**

دواتر گەر درێژەی ئو شیعرە بخوێنەیتەوە، دەردەكەوێت كە چ شیوەئێك بەرێوەیە « تەیب» لێرەدا دەیان كارەسات بیری مرۆڤ دەخاتەوە، وەك ئەوەی ئەو رۆزەی دەمریت،تەنیا خۆتی.

ئەوەی لە ژیانی « تەیب «دا جێگەی هەڵویستە لەسەر كردنە ئەوەیە، كە لە پەنجاو چوار ساڵی یەكەم دیوانە شیعر چاپ دەكات.

هەندێكجار ناونیشانی كتێبێك ئەتوانێت بتخاتە حاڵەتی هیستریاوە تا ئەوكاتەی دەزانیت ناوەڕۆكەكەی چیتێدایە ! وەك ئەوەی لە شیعری (تەیب جەبار)دا

دەی بینی ((ئەو رۆژەی من دەمرم)) کاتێك ناونیشانی وادەبینی پێویستە لەسەری بوەستیت، بۆخۆم کاتێك ئەو ناونیشانەم بینی بێ ئەوەی تەماشای بکەم لەبرادەریکم وەرگرتو خوێندمەوە بەڕاستی ڕێك ئەوە بوو کە چاوەڕوانی بووم « تەیب « لە ژێر کاریگەری گروپی وجودییەکاندا بووە. وەك خۆی باسی دەکات دەڵێت: ((ئەو وەختە من چەپ بووم. سەیرم کرد ئەم برادەرانە هەموویان خەریکی خوێندنەوەن و بەتایبەتی کتێبی فەلسەفە و بیری وجودی و ئەدەب و هونەر، کتێبەکانی(سەرتەر، کامۆ، کۆڵن و لْسن، کانزانتزاکی، ولهێلم رایش، دستوفسکی، نیتچە، کیرکیگارد.... هتد )) لە ساڵی (١٩٧٦) ئەم گروپە کارێکی هەرەگەورەیان دەکرد، خەریکی فەلسەفەبوون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی «تەیب » دا دیارە.

**(( پەیمان بێ..**
**لە پشیلەو پاساری زیاتر،**
**نابێ یەك ئینسانێ،**
**سەر بە ماڵدا بکات .**
**یا بۆ دیوەخان بێ .**
**تەنانەت ناهێڵین..**
**لە کۆڵانیش رەت بێ.**
**پاشاگیان ماڵئاوا..**
**قسورمان ببورە،**
**لەعنەت لە بەدترین مەخلوق .**
**لەعنەت لە ئینسان بێ .**
**لەعنەت لە ئینسان بێ .))**

ئەم هەوڵدانی پێچەوانەکردنەوەی پیشەیە لە مرۆڤەوە بۆ شتومەك. کاتێك دەی خوێنیتەوە هەست بە ڕاستییەکی تەواو مرۆڤانە دەکەی لە دەربڕینندا وەك ئەوەی شتەکان مرۆڤ بن و قسەت لەگەڵدابکەن ئەمانە جۆرێکی تایبەتە لە دەربڕیندا .

**((ئەوەتانێ ،**
**بوومەلەرزە بۆ وێرانە ،**
**هەتاو بۆ رۆشنایی ،**
**لافا و بۆ راماڵین ،**
**رەشەبا بۆ تێکدان ،**
**دەریا بۆ رۆخ ،**
**باران بۆ تەڕایی ،**
**بە دواچوون دەکات .**
**ئەوەتانێ ،**
**باوەشێن ..**
**داوای با دەکا .))**

پێچەوانەکردنەوەی پۆست و ئەرکەکان لە کارەپێشینەکانی شاعیرە، ئەوەی ناوترێت، ئەو دەیڵێت، وەك ئەوەی بیەوێت پێمان بڵێت: شتەکان بە فۆرم وەستاون، بەڵام بە رۆح قسەدەکەن وشەی خۆیان هەیە بۆ وتنەوە. ئەمەی لێرەدا وتراوە شتێکی کەمە لەسەر « تەیب « وتراوە. تەنیا بۆ ناساندنێتی دەنا وەك شیعرەکانی پێویستە هەڵوێستەی تەواوی لەسەر بکرێت دەکرێت دەیان لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی کە لە ناو کتێبخانەی کوردیدا شتی کەم لەسەر نووسراوە ئەوە جێگەی نیگەرانییە بۆمن هەق بوو زیاتر گرنگی بە شیعرەکانی بدرایە قسەی زیاتری لەسەر بکرایە.

**ژێدەر:**


١- تەیب جەبار، ئەوروژەی من ئەمرم، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠١٠.
٢- تەیب جەبار، ئەوشیعرانەی ئاور بۆ پیشەوە دەدەن، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠١١.
٣-نیشتیمانی فەلسەفە ( گەشتیک لەگەل د.محمد کمال)، ئامادەکردنی: هەریم عوسمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٤.


هەواڵنامەی کتێب



# پووچێتی دنیا لای مەحوی

هێمن ئیبراهیم

بەئاوی تێ گەیشتین ئێمە دنیا،هەر سەرابێ بوو

هەموو دەشچن بەخنکان و لەو وشکییشە مەلەی مەخلوق

دەگمەنە کەسێک هەبێت لەژیاندا وەکو «پابلۆ نیرودا» جورئەتی ئەوەی هەبێت بڵێت: (ئەشهدو من ژیانم کرد).چونکە ئەم ژیانە زۆر بێ مانایە بۆ مرۆڤ. تۆ لە دایک دەبیت ماوەیەک لەژێر ئەم ئاسمانەدا ڕەنج و ئازار دەکێشیت،توشی ئەو هەموو تاڵ و ترشییەی ڕۆژگار دەبیت.سەر ئەنجام توشی مەرگ دەبێت و لەبەرچاو ون دەبێتەوە! ئەمە مانای چیە؟ وەکو (خییام) دەڵێت: (ئەم هاتن و چونەی ئێمە چی لەدوایە؟!) لەکاتێکدا دنیا شوێنێک نیە بۆ خۆشبەختی مرۆڤەکان. بۆچی مرۆڤ ناچارکراوە بەم ئێش و ئازارەی ژیان؟! «ئەلبێر کامۆ» لە»ئەفسانەی سیزیف» دا،باسی ئەوە دەکات کە چۆن مرۆڤ مەحکوم کراوە بە ڕەنج و ئازار لە ژیاندا.سیزیف کە پاڵەوانی پووچییە. مەحکوم کراوە بەوەی کە تاوێرە بەردێک لەدامێنی شاخێکەوە بباتە سەر لوتکەی شاخەکە،ئەوەندەی نەماوە بەردەکە بەرێتە سەر شاخەکە،بەڵام تاوێرە بەردەکە بەردەبێتەوە بۆ دامێنی چیاکە،پاشان سیزیف بەناچاری دووبارە دەست دەکاتەوە بە بەرزکردنەوەی بەردەکە بەرەو لوتکەی شاخەکە،دیسانەوە بەردەکە دەچێتەوە خوارێ.سەدان جار سیزف هەوڵ و تەقالای زۆر دەدات تا تاوێرە بەردەکە بەرزبکاتەوە و بەرەو لوتکەی شاخەکە، بەڵام لەماوەیەکی کەمدا تاوێرە بەردەکە بەردەبێتەوە خوار! واتە وەکو خولانەوە لەناو بازنەیەکدا ئەم هەوڵ و ماندووبوونە بەردەوامە بەڵام بەبێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێک! ئەمە ئەفسانەیە بەڵام ڕاستی ژیانی مرۆڤ هەمان ئەو ئازارەیە کە سیزیفی پاڵەوانی پێ حکوم دراوە.

لەم بوارەدا زۆر بیرمەند و ئەدیب قسەیان هەبوە و ژیانی دنیایان بە کۆت وبەندکردنی مرۆڤ ناوبردووە،وە بەردەوام پرتەو بۆڵەیان بووە لەدەست ئێش و ئازارەکانی بوون و نایەکسانییەکانی و ناعەدالەتییەکانی دنیا.بۆ نمونە «ئەمیل سیوران» لە کتێبی «ترۆپکی نائۆمێدی»دا دەڵێت: (هیچ بەڵگەیەک نیە بیسەلمێنیت کە بوون لەنەبوون باشترە)،هەروەها دەڵێت: (من ئامادەم هەرچی تاوان هەیە لەدنیادا بیکەم،تەنها تاوانی بوون بەباوک نەبێت!) (ئەو منداڵانەی کە حەزم نەکرد بیانهێنمە ئەم ژیانەوە،خۆزگە دەیازانی چەندە قەرزارباری منن!) ئەمە مانای ڕەتکردنەوەی ژیانی دنیایە بەهەموو شێوەیەک،یاخود «شوپنهاوەر» بەهەمان شێوە دەبینین بۆخۆی قوتابخانەیەکە لەڕەشبینی و نائومێدی بەرامبەر بە ژیان و دنیا،ئەو پێی وایە ژیان بێ مانایە چونکە هەمیشە ناخۆشی و نەهامەتی زیاترە لەخۆشی و چێژەکانی،ئێمە بەسەر پێیەکەوە هەست بە خۆشییەکانی ژیان دەکەین و زوو تێپەر دەبێت،بەڵام زۆربەقووڵی هەست بەئێش و ئازارەکانمان دەکەین و درەنگتر لەسەرمان دەڕوات! «شوپنهاوەر» دەڵێ: (بنچینەی ژیانی دنیا ئازارو ناخۆشیە). بۆیە دەبینین تاکو مرۆڤ بونەوەرێکی زیندوو هۆشمەندتر بێت،زۆرتر ڕەنج وئازار دەچێژێت!

واتە لەجیاتی ئەوەی ژیان بە دیارییەک بزانین بۆ مرۆڤ، واباشترە بە قەرزێکی بزانین، چونکە بەزۆر دراوە بە مرۆڤ و بەزۆریش لیدەسێنرێتەوە. بەڵام مرۆڤ لەم بێنەو بەردەیەدا هیچ دەسەڵاتێکی نیە.وە ناچارە چارەنوس قبوڵ بکات،چونکە ئەگەر هەڵبژاردنی مرۆڤ بەدەستی خۆی بایە دڵنیام هیچ کەس بوونی هەڵنەدەبژارد! (مەحوی) یش بەهەمان شێوە وەکو عاریفێکی خواناس ڕەخنە لەبوون دەگرێت و پێی وایە،نەهاتنە دنیا باشترە لەوەی کە مرۆڤ توشی ئەم هەموو مەینەتیە بێت لەدنیادا.ئەمە لەکاتێکدا ئایین لەهەزارن لاوە بەڵینی ژیانێکی باشترو بەختەوەرتری بە ئینسان داوە. بۆ نموونە مەحوی لەم بەیتەدا دەڵێت:

هەواڵنامەی کتێب

**ئەگەر ئازادەگییەک بێ لە عەدەمدا بۆمان،**
**چی هەیە غەیری بەپێچی پەلەپەل داوی حەیات**

ئەمە مانای ئەوەیە مەحوی نەهاتنە دنیا بەباشتر دەزانێت،چونکە لای وایە نەبوون هیچ نەبێ ئازادییەکی تیادایە بۆ مرۆڤ لەم هەموو کۆت و زنجیرە جۆرەبەجۆرە ماددی و ڕۆحییانەی کە مرۆڤیان بەخۆیانەوە بەستوەتەوە.ئەمە بەڵگەی دەربڕینی هەستێکی قوڵی بێزارییە لای مەحوی بەرامبەر ئەو دەردیسەریانەی کەلەدنیای بووندا توشی ئینسان دەبێت.

تێڕوانینی مەحوی بۆ دنیا جیاوازتر بوو لە شاعیرانی تری کلاسیکی،مەحوی یاخی دەبێت و بەهەموو شێوەیەک ئیش لەسەر ڕەتکردنەوەی دنیا و ژیان دەکات. دێت بانگی هیچتی دنیامان بەگوێدا دەدات.بە ڕۆحێکی سەرکەش و بێزارەوە،دەردو داخی دەروونی خۆیمان بۆ هەڵدەرێژێت.جەهەنەم بەخۆشترو باشتر دەزانێت تاوەکو ئەم دنیا تەنگ و تاریکە! ئاخۆ ئەبێ ئەم هەناسەی ئاگرینەی لە کوێوە هاتبێت،چەندە دڵ پڕ لەژان بوبێت بەرامبەر بەم دنیایە! کەدەڵێت:

**ئەوەندە تەنگ و ناخۆشە، لە دنیا**
**خۆشە دەرچون ، ئەگەرچی بۆ سەقەر چین**

چوون بۆ ناو ئاگری پێ باشترە لەم ژیانی دنیایە!ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە دنیابینی مەحوی ئیجگار ڕەشبینانە بوو بۆ ژیان.وە بەتەواوەتەی خاڵی بووە لە هەموو خۆشییەک،چونکە مەحوی هەموو شێوەیەک دنیای لەقالب داوە.لای مەحوی دنیا لەبازنەیەکی هیچ و بەتاڵ دەچێت، هەردەمەو لەسەر بارێکە،بۆیە باشترین شت ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی نەبەستێتەوە بەم دنیا هیچەوە!چونکە ئەم دنیایە بۆ کەسانی ئینسان دۆست و خاوەن ئەخلاق نیە،بەڵکو هەمیشە بۆ کەسانی هیچ و پووچە.بۆ نمونە لەم شیعرەدا دەڵێت:

**دنیا بە کامی هیچ کەسانە هەمیشە دەمر**
**هیچ ئەڵبەتە بە هیچ دەمێ نابڕێ لە هیچ**

هیچ کەسانە، لێرەدا مەبەستی ئەو کەسانەیە کە هیچ و پوچن، بۆیە دەڵێت:دنیا هەمشە بەئارەزووی ئەو کەسانەیە کە هیچ و پووچن. بێگومان ئەمەش شتێکی بەجێیە،لەبەر ئەوە هەمیشە شتێکی هیچ و پوچ بۆ کەسانی هیچ و پوچە!یان لە شیعرێکی تردا دەربارەی ڕەتکردنەوەی دنیا دەڵێت:

**تا لە ماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوی صەد شوو کەرە**
**(مەحوی) ئازادانە بدە تۆ سێ بەسێ دنیا گەڵاق**

مەحوی پیاوێک بووە لێوان لێو لەغەم و گۆشەگیری،لەسەردەمێکدا ژیاوە کە چینایەتی و ململانێ و نادادی کۆمەڵایەتی و زوڵم و ستەم کردن لەخەڵکی بێ دەسەڵات و ڕەشۆک دیاردە بووە.سەرەڕای ئەوەش ریایی کردن و بازرگانی کردن لەژێر پەردەیی دینەوە لەلایەنی هەندێ شێخ و کۆلکە مەلاوە،ئازارو داخیکی گەورەی لەدڵی مەحویدا دروستکردبوو.ئازارێک کەبەهیچ شتێک کۆتایی نەهات بەمردن نەبێت.

بێگومان ڕۆژگاری ڕەش و گرێ کوێرەی ژیان و خەم و ئازار مرۆڤ گیرۆدە دەکات.دوری دەخاتەوە لە دنیای فکروخەیاڵ،بەڵام هەندێ جاریش بەرهەم گەلێکی جوان دەخولقێنن.لە تەواوی دنیادا هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بەپێز نەهاتوە ئەگەر سەرچاوەکەی نەچوبێتەوە سەر ئازارو خەمێکی بە چێژ،خەم و ئازاری ژیان ڕەنگە لای مرۆڤێکی سادەو بێ هێز بارێکی گران و کوشندە بێت، بەڵام لای کەسانی بەهرەدار دەبێتە سەرچاوەی داهێنان و ئافراندن.زۆرن ئەوانەی خەم و ئازارەکانی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیان ناگۆڕنەوە بە چێژو خۆشیەکانی دنیا.مەحوی لە رۆح و دڵییەوە ئازاری دەچێژا،ئازاری ناعەدالەتی و چینایەتی کۆمەڵگە،ئازاری بەکارهێنانی دین بۆ پرکردنی ورگ و گیرفان،ئازاری بوون و گیرخواردن بەدەست کۆت و بەندەکانی ژیانەوە.ئەو نەک تەنها لەدنیا،بەڵکو لە خەڵک و کۆمەڵگەش بێزار نائۆمێد بووە.دنیای بە شوێنی دڕەندەیی و بەربەرێتی مرۆڤ زانیوە،جگە لەوە شتێکی تری نەبینوە لە مانەوەی لەدنیادا،بۆیە دەڵێت:خۆش بەحاڵی ئەو کەسانەی کە زوو دەڕۆن و لەم نەگبەتیە نەجاتیان دەبێت.

**لەمانمدا نەدیوە حاڵێ غەیری تەوەحوش،من**

**خودا پێ داو: ئەوانەی لەم وحوشستانە زوو ڕۆیین**

شوبهاندنی دنیا بە وەحیشستان و بۆخۆی دیارە کەمەحوی بەتەواوەتی هیلاک بووە لە بەرامبەر مەینەتی ناعەدالەتیەکانی دنیادا،پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەبێ ئەو بارودۆخە چۆن بووە کە مەحوی تیایدا ژیاوە،کە ئەوەندە تاریک بینە،بەجارێ ژیان و دنیای لەبەر چاو کەوتبێت و پڕ بەدڵ ئارەزووی مردن بکات؟! بۆ ئەوە پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی کۆمەڵایەتی دەروونی هەیە لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا.چونکە د.علی وردی دەڵێت: نابێت هیچ کەسێک حکوم بەسەر بیرکردنەوەی تاکی عێراقیدا بدات،تاوەکو نەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا.

هیچێتی دنیا لای مەحوی و هەڵبژاردنی مردن بەسەر ژیاندا بۆ دۆزینەوەی بەختەوەری تارادەیەکی زۆر لە تێڕوانینی «ئەلبێر کامۆ» دەچێت.بە تێڕوانینی کامۆ جیهان چووچ و بێ مانایە، وە مرۆڤ ناچارکراوە بە کۆمەڵێک رەنج و ئازار لە ژیاندا. بۆیە تاکە ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لەو رەنج و ئازارە (خۆکوشتن)ە. بەڵام لای مەحوی بۆ دەربازبوون لە نەگبەتی و گرفتی ژیان (مردن)ە. کەوابوو (کامۆ و مەحوی) هەردووکیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە مردن خۆشبەختی دەهێنێ بۆ مرۆڤ.بەڵام ئەم دوو بۆچونە لەدوو باگراوندی فکری و فەلسەفی جیاوازەوە هەڵقوڵاوە.مەحوی لەڕێگەی ڕۆحەوە هەستی بەو پووچێتیە کردوە، بەڵام کامۆ لە ڕێی عەقڵەوە!چونکە کامۆ کاتێک بڕوای بە بێ مانایی جیهان هەیە و ئۆمێد رەتدەکاتەوە،بەهەموو جۆرێک باوەری بەو دنیایەش نیە کە خودا بەڵێنی بەدووبارە زیندوو بونەوەی مرۆڤ داوە.بەڵام مەحوی وەکو خواناسێک بەئۆمێدەوە لەژیانی دوای مردنی دەڕوانێت.بۆیە مردن بەسەرەتای خۆشبەختی دەزانێت.چونکە باوەڕی بەوەیە کە ئەو ڕێگەیییەی گرتوویەتی دەیگەیەنێتەوە لای خودا. وەکو خۆی دەڵێت:

**بەم نزیکانە لەبەرمە (مەحویا)! ڕێگێکی دوور**

**بێتە دەستم، یا نەیێ ، هەر کۆششی زادێ دەکەم**

یان دەڵێت:

**بەر شەفاعەی ئەو شەفیعەم خەی خودا**

**خۆشم و ئەحباب و ئەهل و داک و باب**

هەواڵنامەی کتێب

سوپاسـی (ڕێکخـراوی ژیـان بـۆ فریاکەوتـن و گەشـەپێدان) دەکەیـن کـە لـە ڕووی مادییـەوە یارمەتـی بەشـێک لـە چاپکردنـی ئـەم ژمـارەی گۆڤارەکەیـان کـردووە.

هەواڵنامەی کتێب



# قوبادی جەلیزادە

دیزاین: ئارام لوقمان